# تیۆری زانین لای کانت

# تیۆری زانین لای کانت

نیگار ئیبراهیم

هەولێر- ٢٠١٠



**پرۆژەی هاوبەشی بەشی فەلسەفەی زانكۆی سەلاحەددین**
**و دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی**

**١٣**

ناوی کتێب: **تیۆری زانین لای کانت**

نووسینی: **نیگار ئیبراهیم**

سەرپەرشتیی پرۆژە: **رێبوار سیوەیلی (بەشی فەلسەفە)**

سەرپەرشتیی کاروباری دەزگا: **هەردی زیاد ساڵح (دەزگای موکریانی)**

هەڵەگری: **شەهلا وەلی جەبار**

نەخشەسازی ناوەوە: **گۆران جەمال رواندزی**

بەرگ: **وریا بوداغی**

راستکردنەوەی سەر کۆمپیوتەر: **جەمال محەمەد**

ژمارەی سپاردن: **(٤٩٨)**

تیراژ: **(١٠٠٠) دانە**

چاپی یەکەم: **(٢٠١٠)**

نرخ: **(١٠٠٠) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی موکریانی (هەولێر)**

## ناوەرۆك


پێشەكی ........ ٧

**بەشی یەكەم: ڕەخنەی كانت لە دۆگماتیزمی ئاوەز و ئەمپیریزم** ........ ٩

باسی یەكەم: ڕەخنەی كانت لە دۆگماتیزمی ئاوەز ........ ١١

باسی دووەم: ڕەخنەی كانت لە ئەمپیریزم ........ ١٨

باسی سێیەم: وەرچەرخانی كۆپەرنیكی ........ ٢٣

**بەشی دووەم: بناغە ڕشتنی زانین لای كانت** ........ ٢٥

باسی یەكەم: سەرچاوەكانی زانین ........ ٢٧

تەوەری یەكەم: توانستی سێنسێتی و تێگەیشتن ........ ٢٧

تەوەری دووەم: زانینی ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆری ........ ٣١

باسی دووەم: جۆرەكانی بڕیار ........ ٣٣

تەوەری یەكەم: بڕیاری شرۆڤەیی و بڕیاری سەنتێزی (تركیبی) ........ ٣٣

تەوەری دووەم: بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری ........ ٣٧

**بەشی سێیەم: فۆرمەكانی زانین** ........ ٤١

باسی یەكەم: شوێن و كات وەك دوو فۆرمی زانین ........ ٤٣

تەوەری یەكەم: شوێن و كات ........ ٤٣

تەوەری دووەم: كات و شوێن پەیوەست بە دەرككردنی سێنسییەوە ........ ٤٨

تەوەری سێیەم: كات و شوێن وەك فۆرمی سێنسی دەرەكی و ناخەكی ........ ٤٩

باسی دووەم: كاتیگۆرییەكان ........ ٥١

تەوەری یەكەم: فۆڕمی بڕیار ........ ٥١

تەوەری دووەم: پەیوەندی كاتیگۆرییەكان بە فۆڕمی بڕیارەكانەوە ........ ٥٣

تەوەری سێیەم: هەڵهێنجانی (دێدوكسیۆنی) ترانسێندێنتاڵی ........ ٥٦

باسی سێیەم: فێنۆمێنا و نۆمێنا ........ ٦١

دەرئەنجام ........ ٦٥

لیستی سەرچاوەكان ........ ٦٧

## پێشەکی:

ئەگەر "کێشەی بوون" بابەتی سەرەکی فەلسەفەی ترادیسیۆنی بێت، ئەوا بابەتی فەلسەفەی نوێ "کێشەی زانین"ە. ئاراستە فەلسەفیەکان لە فەلسەفەی نوێدا لەتەك کێشەی زانیندا خەریکبوون، کە دەتوانین بە "سەردەمی زێڕین بۆ تیۆریی زانین" دایبنێین.

هەڵوێستی تیۆریی زانین بەسەر ئاراستەی ئەمپیریزم و ئاوەزگەراییدا دابەشبووبوو، کە لە سەرەتای نوێکاتی ئەوروپیدا وەك دوو ئاراستەی فەلسەفی نوێی دژبەر لەئارادابوون و هەر یەکەیان زانینیان بۆ سەرچاوەیەك دەگەڕاندەوە: ئەمپیریستەکان گرنگییان بە ئەزموون دەدا، ئاوەزگەراکانیش پێیانوابوو تەنها لە ڕێگەی ئاوەز بەبێ پشتبەستن بە ئەزموون دەتوانین بە زانین بگەین. ئەم دژبەرییە بەردەوام بوو تا هاتنی کانت. لەتەك کانتدا ڕەهاگەرایی ئاوەز تێکدەشکێنرێت، ئاوەز ناچاری هەڵوێستی ڕەخنەیی لەتەك خۆیدا دەبێت.

کانت بە ڕەخنەگرتنی لە ئاوەزگەرایی و ئەمپیریزم تێڕوانینێکی تازەی هێنایە ئاراوە، کە سەنتێزێك لە نێوان هەردووکیاندا چێدەکات. کانت شوێنپێی هەریەك لە ئەمپیریستەکان و ئاوەزگەراکان هەڵدەگرێت، بە بناغەرشتنە ڕەخنەییەکەی لەنێو توانستی زانیندا ئەو مەرجە ئاپریۆرییانە دیاریدەکات کە بابەتی زانین دەشێنن.

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە لەبارەی تیۆریی زانین لای کانت، میتۆدی شرۆڤەییە، لێرەدا هەوڵمداوە لایەنە بنەڕەتیەکانی تیۆریی زانین لای کانت شرۆڤە بکەم.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بە ناونیشانی "ڕەخنەی کانت لە دۆگماتیزمی ئاوەز و ئەمپیریزم"ـە کە لە سێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم ڕوو دەکاتە ڕەخنەی کانت لە دۆگماتیزمی ئاوەز، کە تیایدا هەڵوێستی ئاوەزگەرایی بە گشتی و دێکارت و لایبنیتس بە تایبەتی دەربارەی زانین خراوەتە ڕوو، دواتر ڕەخنەی کانت لە هەر یەکەیان شرۆڤەکراوە.

باسی دووەم تایبەتە بە ڕەخنەگرتنی کانت لە ئەمپیریزم، کە تیایدا هەڵوێستی ئەمپیریستەکان بەگشتی و لۆك و هیوم بەتایبەتی دەربارەی زانین خراوەتە ڕوو، دواتر ڕەخنەی کانت لە هەر یەکەیان شرۆڤەکراوە.



باسی سێیەم: وەرچەرخانی کۆپەرنیکی، کە تیایدا باسی وەرچەرخانەکەی کانت لە زانیندا کراوە.

بەڵام بەشی دووەم بەناونیشانی "بناغەرشتنی زانین لای کانت" لە دوو باس پێکهاتووە:

باسی یەکەم بەناونیشانی سەرچاوەکانی زانین، کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەری یەکەمدا باسی توانستی سێنسێتی و تێگەیشتنمان کردووە وەك دوو سەرچاوەی زانین. لە تەوەری دووەمدا باسی دوو جۆر زانینمان کردووە کە زانینی ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆرین.

باسی دووەم تایبەتە جۆرەکانی بڕیار، کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەری یەکەمدا بڕیاری شرۆڤەیی و سەنتێزی شرۆڤەکراون، لە تەوەری دووەمدا باسی بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری کراوە.

بەڵام بەشی سێیەم بەناونیشانی "فۆرمەکانی زانین" لە سێ باس پێکهاتووە:

باسی یەکەم: باس لە شوێن و کات وەك دوو فۆرمی زانین دەکات، کە لە سێ تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەری یەکەمدا شوێن و کات بەگشتی وەك دوو فۆرمی ئاپریۆری ڕوونکراونەتەوە. لە تەوەری دووەمدا باسی شوێن و کات پەیوەست بە دەرککردنی سێنسییەوە کراوە. لە تەوەری سێیەمدا باسی شوێن و کات وەك فۆرمی سێنسی دەرەکی و ناوەکی کراوە.

باسی دووەم لەتەك کاتیگۆرییەکاندا خەریکە، ئەم باسە لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم تایبەتە بە فۆرمی بڕیارەکان، تەوەری دووەم تایبەتە بە پەیوەندیی کاتیگۆرییەکان بە فۆرمی بڕیارەوە، تەوەری سێیەم تایبەتە بە هەڵهێنجانی ترانسێندێنتاڵیی کاتیگۆرییەکان.

باسی سێیەم لەتەك فێنۆمێنا و نۆمێنادا خەریکە، لەم باسەدا جیهانی نۆمێنا و فێنۆمێنا لێکۆڵرێنراونەتەوە و جیاوازیەکەیان ڕوونکراوەتەوە. لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو دەرئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە لە توێژینەوەکەدا پێیگەیشتووین.

# بەشی یەکەم

# ڕەخنەی کانت لە دۆگماتیزمی ئاوەز و ئەمپیریزم

## باسی یەکەم
## ڕەخنەی کانت* لە دۆگماتیزمی ئاوەز

ئاوەزگەرایی و ئەمپیریزم دوو ڕێبازی فەلسەفی نوێ بوون، کە کاریگەریی مەزنیان لەسەر هزری کانت دانا، ئەمەش بووە هۆی ڕامانی کانت بەرامبەر نەسازییەکانی ئەم دوو ڕێبازە و ڕەخنەگرتن لێیان، بەمەش تیۆرییەکی نوێ لەبارەی زانین لای کانت هاتە ئاراوە، کە سنوورێك بۆ زیادڕەوی هەردوو ڕێبازەکە دادەنێت و سەنتێزێك لە نێوانیان دەهێنێتە ئاراوە.

کانت پێیوایە هەڵوێستی تیۆریی زانین بەسەر ئاراستەی ئەمپیریزم و ئاوەزگەراییدا دابەشبووە، کە لە سەرەتای نوێکاتی ئەوروپییدا وەك دوو ئاراستەی فەلسەفەی نوێ لە ململانێدا بوون. ئەم دوو ڕێبازە هەر یەکەیان میتۆدێکی تایبەتی هەبوو بۆ گەیشتن بە زانین، بەڵام لە بنەڕەتدا هەردووکیان هەمان پرسیاریان هەبوو: زانین لە چ سەرچاوەیەکەوە چێدەبێت؟ ئەمپیریستەکان خۆیان لە پرنسیپی ئاوەزی پەتی بەدوور دەگرت، لە تاکەکانەوە بۆ هەمەکییەکان سەردەکەوتن، واتا پشتیان بە ئەزموون دەبەست، بەڵام

* ئیمانوێل کانت فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، ساڵی ١٧٢٤ز لە شاری کوێنیگسبێرگ لە پروسیا لەدایك بووە. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەستی بە خوێندن کردووە، ساڵی ١٧٣٢ گوازراوەتەوە بۆ کۆلێژی ( شا فردریش)، لەوێ فێری ئەدەب و کولتووری لاتینی بووە، ساڵی ١٧٥٥ بووەتە وانەبێژ لە زانکۆی کوێنیگسبێرگ، ساڵی ١٧٧٠ وەك مامۆستای لۆژیك و میتافیزیك لە زانکۆی کوێنیگسبێرگ دامەزراوە. ساڵی ١٨٠٤ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. کانت چەندین کتێبی هەیە، گرنگترین کتێبەکانی بریتین لە ( ڕەخنەی ئاوەزی پەتی)،( ڕەخنەی ئاوەزی پراکتیکی)، (ڕەخنەی هێزی بریار)، ( بنەمای میتافیزیکی ئاکار)... هتد، بڕوانە: کنط، عمانوئیل، نقد العقل المحض، ترجمة: موسى وهبة، الطبعة الثانیة، مرکزالانماء القومي، بیروت-لبنان، ١٩٨٨م، ص١٩.



ئاوەزگەراکان پشتیان بە ئاوەزی پەتی دەبەست، کە دەتوانێت بەبێ گرنگیدان بە سێنسەکان بە زانینی جیهان بگات[١]. سەرەتا ڕوانگەی ئاوەزگەرایی دەربارەی زانین دەخەینە ڕوو، پاشان ڕەخنەکانی کانت لەو ڕوانگەیە باس دەکەین.

ڕێبازی ئاوەزگەرایی بە ڕوونی لە سەدەی هەڤدە لەگەڵ دێکارت، سپینۆزا و لایبنیتس دەردەکەوێت[٢]. ئاوەزگەراکان لە گشتێتییەوە بۆ تایبەتییەتی دەچن، لای ئەوان ئاوەز تاکە سەرچاوەی زانینە. لەژێر تیشکی بنەما یەکەمە زەرووریەکاندا زانین شرۆڤە دەکەن، ئەم بنەمایانە لە ناوەوەی زەیندا رسکاون و، بەهۆیانەوە بە بێ پشت بەستن بە سێنسەکانەوە، جیهانی دەرەکی دەناسین[٣]. گەیشتن بە هەقیقەت تەنها لە ڕێگەی ئاوەزەوە دەبێت، کە توانستێکی لەناخدارسکاوی هاوبەشە لەنێوان مرۆڤەکاندا، هەروەها گرنگی بە زانینی ماتماتیکی دەدەن، کە زانینێکی ئاوەزییە[٤].

دێکارت (١٥٩٦-١٦٥٠ز) دامەزرێنەری ئاوەزگەرایی نوێیە، کە کانت ڕەخنەی لێگرتووە. دێکارت گومانی میتۆدی گرتەبەر بۆ گەیشتن بە زانینی جەخت گومانی میتۆدی پێشەکییەکی زەروورییە بۆ لێکۆڵینەوە لە زانین، ئاوەز

(١) جەلال، کاوە، ڕێنێ دیکارت، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان-سلێمانی، ٢٠٠٨ز، لا١٠٤-١٠٥.

(٢) السکری، عادل، نظریة المعریفة (من سماء الفلسفة الي أرض المدرسة)، طبعة الأولی، الدار المصریة اللبنانیة، القاهرة، ١٩٩٩م، ص٤٦.

(٣) جیمس، ولیم، بعض مشکلات الفلسفة، ترجمة::محمد فتحی الشنیطی، طبعة الثانیة، مطبعة المصر، القاهرة، ١٩٦٩م، ص٣٧.

(٤) محمد، علي المعطی، مقدمات في الفلسفة، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٨٥م، ص٣٣.

تاکە ئامرازی گەیشتن بە زانینە، ئەوەی دەیزانین بەپێی سنوورداری ئاوەز سنووردارە و لە سەرووی ئاوەزەوە هیچ شتێك نازانین(٥).

دێکارت پێیوایە کە دوو چالاکی ئەقڵیمان بۆ گەیشتن بە زانین هەیە، ئەوانیش: ئینتوئیسیۆن و دێدوکسیۆنن (هەڵهێنجان)، کە یارمەتیمان دەدەن بەبێ هەڵە بە زانین بگەین. ئینتوئیسیۆن ڕوانینی ساکاری ئەقڵ خۆیەتی، ڕوانینی ساکار و کتوپڕی جەوهەرە، دێدوکسیۆنیش بریتیە لە دووەم گرەنتی زانین، کە بەدووی تێگەیشتنی سادەی ئەقڵدا بەگەڕ دەخرێت(١).

دیکارت پێیوایە ئەوەی بە ڕەهایی گومان هەڵنەگرە "من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم"ـە، لەبەرئەوەی ڕوونی و ئاشکرایی تایبەتمەندی ئەم ئیدێیەیە(٢). دێکارت جیهان بە سەر دوو جەوهەردا دابەشدەکات: جیهانی ئەستوویی نێو شوێن و جیهانی ئەقڵ، کە تەنها لە کاتدا جێگیرە. بە دڵنیاییەوە هزرین هەقیقەتێکە، بەڵام ئەستوویی نیە(٣). دێکارت پێیوایە ئیدێی لەناخدارسکاومان هەیە، پەیوەندی ئەم ئیدێیانە بە ئاوەزەوە پەیوەندییەکی پتەوە. ئەم ئیدێیانە فۆڕمی هزرینن و لە ئەزموونەوە نەهاتوون، هەربۆیە دەبێت بەسەر سەرجەم ئەزموونەکاندا سەروەربن(٤).

---

(٥) السكري، عادل، المصدرالسابق، ص٤٤،٣٥.

(١) جەلال، کاوە، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٢-١١٣.

(٢) لئوراوض، فلسفة كانت، ترجمة: عبدالعلی دست غیب، ضاث اول، نشر ثرسش، آبادان، ١٣٨٦، ص١٣.

(٣) همان، ص١٥.

(٤) الصدر، محمد باقر، فلسفتنا، الطبعة الثانية عشر، دارالتعارف للمطبوعات، بيروت- لبنان، ١٩٨٢م، ص١١٣.



لایبنیتس یەکێکی ترە لە ئاوەزگەراکان کە کاریگەری لەسەر کانت هەبووە. لایبنیتس پێیوایە جیهان لە مۆنادەکان (Monads) پێکهاتووە، کە بریتین لە شێوەیەکی ئەتۆمی زەینی، ئەزەلین، نەشیاوی کەرتکردنن و تاکن، نەشیاوە دوو مۆنادی هاوتا بە هەمان ڕوانگە و ئاگامەندیەوە هەبن، هەموو مۆنادێك بریتییە لە بەئاگابوونێکی پنتەکی، گەرچی سەراپا یەکتری لە خۆ دەگرن، بەڵام نەکەوتوونەتە ژێر کاریگەری یەکترەوە، سەرەڕای جیاوازیان لە یەکتر، ئەوا هەموویان بەیەکەوە کاردەکەن و لە هارمۆنییەکی ئەزەلیدان کە پێشتر چەسپێندراوە(١).

لایبنیتس لە زانیندا هەنگاوێکی دی بۆ پێشەوە دەنێت، ئەوە دەکاتەوە ڕەتدەکاتەوە، کە دەرککردنە سێنسیەکانمان هەقیقی بن. زانین لەسەر پێشبینی و بڕیارە زەروورییە گشتییەکان دادەمەزرێت، کە لە ئەزموونی سێنسی وەرنەگیراون، دەرککردنی سێنسی و ئاوەزی پەتی چالاکیی مۆنادن، دەرککردنی سێنسی ئیدێی ناڕوون لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئیدێی ئاوەزی پەتی ڕوونە، بە ئاوەز جیهانی مۆناد یان هەقیقەتی شتەکان دەزانین(٢).

لایبنیتس پێیوایە ئیدێی لەناخدارسکاو هەن، بەڵام ناڕوون و شاراوەن تا ئەزموون دەرکیان دەکات. ژیانی ئاوەز گوزارشتە لە بەدواییەکداهاتنی بەردەوام لە دەرککردنی شێواوەوە بۆ ڕوون، ئەمەش کاری مۆنادەکانە لە گەردووندا(٣). لایبنیتس پێیوایە دەتوانین بەهۆی ئیدێ لەناخدارسکاوەکانەوە جیهانی ئەقڵی بە

---

(١) امين، احمد، و محمود، زكي نجيب، قصة الفلسفة الحديثة، جزء الاول، لجنة تاليف و ترجمة و نشر، القاهرة، ١٩٤٩م، ص١٨٢-١٨٥.

(٢) زيدان، محمود فهمی، كنط و فلسفتة النظرية، دار الوفاء، الاسكندرية، ٢٠٠٤م، ص٢٨.

(٣) امين، احمد، وحمود، زكي نجيب، المصدر السابق، ص١٩٢.

ڕوونی بزانین، بەڵام زانینمان لەبارەی جیهانی دیاردەکانەوە، شاراوە و ڕووپۆشکراوە، پێشبینیەکانی کات و شوێن لە ئاوەزەوە دێن و بوونێکی ڕیاڵی سەربەخۆیان نییە[٤].

کانت لە کتێبی"ڕەخنەی ئاوەزی پەتی"دا، ڕوونیدەکاتەوە کە ئاوەزگەراکان بە هەڵەداچوون، لەبەرئەوەی سنوور و توانای ئاوەزیان تێپەڕاندووە[٥] ، کاریگەری ئەزموونیان لە بنیاتنانی زانیندا فەرامۆشکردووە، لەبەرئەوەی زانین لە لایەنی ئەستوورییەوە لە ئەزموونەوە چێدەبێت، لە لایەنی فۆرمیشەوە لە ئاوەزەوە چێدەبێت[١]. کانت دەڵێت: "هەموو زانینێکمان لەگەڵ ئەزموونـدا سەرهەڵدەدات، کەواتە هیچ زانینێك بە کات پێش ئەزموون ناکەوێت، هەموو زانینێك لەگەڵ ئەزموونـدا سەرهەڵدەدات"[٢]. کەواتە لە ڕووی ڕێکخستنی کاتییەوە هیچ زانینێکمان نییە پێش ئەزموون بکەوێت، بەڵکو هەموو زانینێکمان بە ئەزموون دەستپێدەکات.

کانت دەربارەی ئیدیالیزمی دێکارت پێیوایە کە دێکارت گومان وەك پنتی دەرچوون ڕووەو خاوێنکردنەوەی ئاوەز دادەنێت، بەڵام کانت ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە وەك دێکارت لە گومانی ڕەهاوە دەستپێبکات، لەبەرئەوەی دوو زانستمان هەن کە شیاوی گومان لێکردن نین و بریتین لە زانستی ماتماتیك و زانستی

(٤) زيدان، محمود فهمي، كنط و فلسفتة النظرية، ص٣٤.

(٥) بدوى، عبدالرحمان، موسوعة الفلسفة، جزء الثانى، الطبعة الاولى، المطبعة سليمانزادة، ١٤٢٧ه، ص٢٧٣.

(١) متى، كريم، الفلسفة الحديثة (عرض نقدى)، الطبعة الثانية، دار الكتاب الجديد المتحدة، بيروت- لبنان، ٢٠٠١م، ص٢٣٦.

(٢) كنط، عمانوئيل، المصدر السابق، ص٤٥.



فیزیك[٣]. کانت پێیوایە دێکارت یەکەم جار هەقیقەتی "من" مسۆگەر دەکات، دواتر گومانەکەی دەربارەی بوونی جیهان درێژە پێدەدات، ئەمەش ڕێك بەراوەژووکردنەوەی ئەو شتەیە کە دەشێت، بەئاگابوونی ئێمە لە خۆمان تەنها لە دۆخی ئەزموونکردنی نێو جیهاندا شیاوە، لەبەرئەوەی من خۆم وەك بوونێکی نێوکات دەرك دەکەم، چونکە ڕەوتی کات زەروورەتی دۆخێکی ئەزەلی دەخاتەوە، ئەوا دەبێت شتێك لە دەرەوەی "من" هەبێت کە ئەزەلییە، چونکە بەئاگابوونی من لە خۆم بەندە بە بەئاگابوونی من لە جیهان، کەواتە ناتوانم لە "من هەم"ەوە، وەك بنەڕەتیترین هەقیقەتی سەلماو سەرەتابگرم، "من هەم" بەندە بە جیهانەوە و نەشیاوە بەبێ خستنە ژێر گومانی "بوونی من"، جیهان بەگشتی بخرێتە ژێر گومانەوە. بوونی منی هزرڤان وەك خۆی دەڵێت ئەو شتەیە کە ناشێت گومانی لێبکرێت، ئەزموونکردنی دەروونیی تەنها لە ڕێگەی ئەزموونکردنی دەرەکییەوە شیاوە، ئەم کێشەیە بۆ لای کاتیگۆرییەکانی کانت دەمانبات، کە پێیوایە ناتوانن زانینی ڕاستمان دەربارەی جیهان پێبگەیەنن، پرەنسیپەکان لە خۆیاندا فۆرماڵن، ئەم پرەنسیپانە دەبێت بۆ گەیشتن بە زانینی زانستی لە زەمینەی بیرۆکە (الأنگباعات) سێنسییەکاندا بەکاربهێنرێن[١].

لە ڕوانگەی دێکارت خوا گرەنتیە بۆ ریالیبوونی زەینی، بەڵام کانت ئەمە ڕەتدەکاتەوە، پێیوایە یان ((شت)) زانین ئاپریۆری دەشێنێت یان زانین ئاپریۆری شت دەشێنێت. کانت پێیوایە زانین توانستی بەسەر ((شت))دا ناشکێت، بەڵکو بە پێچەوانەوەیە، لە ڕوانگەی کانت هزرین دەربارەی (( شت)) دۆخێکی

(٣) ابراهيم، زكريا، كانت (او فلسفة النقدية)، الطبعة الثانية، مكتبة المصر، القاهيرة، ١٩٧٢م، ص٤٧.

(١) لئوراوچ، پيشين، ص٧٨-٧٩.

ئاپریۆریی گەرەکە، کەواتە زانینی ئاپریۆری شیاوی سەلماندنە، سەبژێکت خاوەنی پێکهاتەی زەینی و جیهانی زەرووریە، ئەم پێکهاتە زەینیە بەسەر ((شت))دا سەپێنراوە تا سەبژێکت بە یاریدەیەوە توانستی زانینی (( شت))ی هەبێت[٢].

دەربارەی لاینیتس، کانت پێیوایە کە ئەو بە هەڵەدا چووە، کاتێك جیهانی دیاردە بەو جیهانە دادەنێت کە هەموو ئیدێکانمان لەسەری ناڕوون و شاراوەیە، لەبەرئەوەی جیهانی دیاردە جیهانێکە دەتوانین بە روونی بیزانین، زانینمان لەسەر جیهانی دیاردە لایەنێکی بنەڕەتی پێکهاتەی زانینمان پێکدەهێنێت. کانت پێیوایە لایبنیتس لەوەشدا بەهەڵەدا چووە، کە دەتوانین جیهانی ئەقڵی بە روونی بەهۆی پێشبینیە لەناخدارسکاوەکانەوە بزانین، لەبەرئەوەی کانت پێیوایە ناتوانین ئەم جیهانە بناسین و بە روونی زانینمان دەربارەی هەبێت[٣].

(٢) جوانبخت، ترانه، کانت درنقد عقل محج، www.javanbahkt.net

(٣) زیدان، محمود فهمی، کنط و فلسفتة النظریة، ص٣٤.



## باسی دووەم
## ڕەخنەی کانت لە ئەمپیریزم

ئەمپیریستەکان بە پێچەوانەی ئاوەزگەراکان پێیانوایە کە تاکە سەرچاوەی زانین ئەزموونە، ئەزموون تاکە ڕێگەیە بۆ زانینی هەقیقەتەکانی جیهان. ڕێبازی ئەمپیریزم پەیوەستە بەو بنەمایەی کە زانین لەسەر جیهانی دەرەکی، لە خودی جیهانی دەرەکییەوە بۆماندێت[١]. ئەوان داننانێن بە زانینە ئاوەزییە زەرووریەکاندا کە پێش ئەزموون دەکەون، بێگومان نکۆڵی لە زەین و گرنگیەکەی لە پرۆسەی زانیندا ناکەن، بەڵام نکۆڵی لە بوونی ئیدێ لەناخدارسکاوەکان و ئاپریۆرییەکان دەکەن تیایدا، زەین لاپەڕەیەکی سپیە (tabula rasa) کە هیچی لەسەر نەنووسراوە، هیچ شتێك لە زەیندا نییە گەر یەکەمجار بە سێنسەکاندا تێنەپەڕیبێت، زانین ناتوانێت سنووری ئەزموون ببەزێنێت. ئەمپیریستەکان گرنگی بە زانستە سروشتیەکان دەدەن کە بوارەکەی زانینی سێنسییە[٢].

جۆن لوك (١٦٣٢- ١٧٠٤ ز) دامەزرێنەری ئەمپیریزمە، یەکەم کەسە کە لە تیۆریی زانیندا لێکۆڵینەوەی لەسەر ڕێبازی ئەمپیری کردووە. ئەو لە بەرهەمەکەیدا بەناونیشانی ((an) essay concerning human understanding) لە سەرچاوە و جەختی و چێوەی زانینی کۆڵییەوە[٣]: سەرچاوەی زانین بریتیە لە دەرككردنێکی سێنسی، زەینی مرۆڤ لە کاتی زانینندا وەك پارچەیەك کاغەزی سپی وایە، کە دواتر ئەزموون لەسەری دەنووسێت، زانین لە هزرینەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە ئەزموونەوە، هیچ شتێك لە زەیندا نییە گەر پێشتر لە سێنسەکاندا نەبووبێت، زەین پێشبینییەکانی تەنها لە ئەزموونەوە وەردەگرێت. لۆك جیاوازی لەنێوان دوو جۆر

(١) جینز، جیمس، الفیزیاء و الفلسفة، ترجمة: جعفر رجب، دار المعاریف، القاهرة، ١٩٨١م، ص٥٧-٥٨.

(٢) الصدر، محمد باقر، المصدر السابق، ص٧٥.

(٣) السکري، عادل، المصدرالسابق، ص٥١.

ئەزموونداکرد: دەرككردنی دەرەكی (سێنساسیۆن) و دەرككردنی ناخەكی (ڕێفلەكسیۆن)، یەكەمیان بەهۆی سێنسەكانەوە مسۆگەر دەبێت، دووەمیشیان كاری خودی زەینە و لەڕێگەی ڕێفلەكسیۆنەوە مسۆگەر دەبێت[1].

لای لۆك ئیدێی سادە و ئاڵۆزمان هەن، ئیدێی سادەكان بریتین لە كەرەستەی زانین، سەرچاوەی ئەم ئیدێ سادانە لە ئەزموونداپە. بەڵام ئیدێ ئاڵۆزەكان بەڕێگەی بەراوردكردن، كۆكردنەوە و لێدەركردن، هەروەها چالاكی دیكەی هاوشێوەی زینەوە، سەرهەڵدەدەن[2]. كاتێك سێنسەكان ئۆبژێكتە دەرەكییەكان بۆ زەین دەگوازنەوە، زەینی چالاك لە ئۆبژێكتەكان دەهزرێت، كە لە سێنسی دەرەكییەوە بۆی هاتوون، دواتر دەیانپەرچێنێت و كۆیاندەكاتەوە، بەمەش ئیدێكان چێدەبن[3].

لۆك جیاوازی لە نێوان سێ توخمی زانیندا دەكات: زانینی ئینتوئیتیڤ، دێمۆنستراتیڤ و سێنستیڤ. مرۆڤ بە شێوەیەكی ئینتوئیتیڤ ئێدیكان دەناسێتەوە كە وەك یەكایەتی لە نێو زەیندا هەن و، لە ئیدێی دیكە جیاوازن، دواتر زانینی دێمۆنستراتیڤ ڕاستەوخۆ ڕوودەدات. زەین توانستی هەیە بۆ ئەوەی بە یاریدەی ئیدێكان پەیوەندییەك لە نێوان دوو ئیدێدا بێنێتە ئاراوە، ئەم توانستە بریتییە لە ئاوەز و ئەم زانینەش زانینێكی ئاوەزییە، لە كۆتایشدا مرۆڤ بە زانینی سێنستیڤ، بوونی ئۆبژێكتە ریالەكان تێدەگات[4].

---

(١) المصدر نفسه، ص٥١.

(٢) لئوراوچ، پیشین، ص١٦-١٧.

(٣) رویس، جوزایا، روح الفلسفة الحدیثة، ترجمة: احمد الانصاری، الطبعة الاولي، المجلیس الاعلی للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣م، ص١٦١.

(٤) زیدان، محمود، نظریة المعریفة (عند مفكري الاسلام و فلاسفة الغرب المعاصرین)، الطبعة الاولي، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٨٩م، ص٢٤.

دەڤید هیوم (١٧١١- ١٧٧٦ز)، یەکێکی ترە لە ئەمپیریستەکان، ئەم ڕێبازی ئەمپیریزمی گەیاندە لوتکە کە بە لۆك دەستیپێکردبوو[1]. هیوم پێیوایە کە هەموو هزرینەکان لە ئەزموونی سێنسییەوە سەرچاوە دەگرن، پێشبینیبەکان گەر لە بیرۆکە سێنسییەکانەوە نەهاتبن، بێواتان، زەین زنجیرەی دەرککردنەکانە. زەین جگە لە چالاکیەکانی خۆی هیچی دیکە نییە، گەر چالاکی سێنسی یان هزرین بوونی نەبێت، زەین بوونی نییە، لەبری ئەوەی بڵێین دەرککردنەکان لە زەیندان، دەڵێین زەین شتێك نییە جگە لە دەرککردنەکانی خۆی[2].

دەرککردنە سێنسییەکان دوو جۆرن: بیرۆکەکان و ئیدێکان. بیرۆکەکان زیندوویەتی و هێز و ڕوونییان هەیە، بەڵام ئیدێکان فۆڕمی لاوازی ئەم بیرۆکانەن. لە لای هیوم گومانگەراییەك دەبینین کە هیچ شتێك لەیاد ناکات، ناشێت هیچ شتێك بە دڵنیاییەوە بزانرێت، واتا بە شێوەیەکی ڕەها بزانرێت، هیچ شتێك لە ئەزموونی ئێمەدا نییە کە بتوانێت هەموو جۆرێکی هزرمەندی، زەرووڕەتی ڕەها یان هۆکاری گشتی ئاشکرا بکات[3].

هیوم پێیوایە هەبوونی هزرۆکەی پەیوەندیە زەرووریەکان کە هۆئەنجام پێکەوە گرێدەدات، لە نێو سەبژێکتی ئاگامەندنداییە نەك لەنێو شتەکاندا. هۆئەنجامی لەنێو ڕاهاتنی لێڕوانەردایە، ڕاهاتنێك کە ئێمە لە ئەنجامی بینینی بەدووی یەکتردا هاتنە بەردەوامەکان لە ئەزموونوندا، مسۆگەری دەکەین[4].

---

(١) السکری، عادل، المصدر السابق، ص٥٢.

(٢) لئوراوض، ڤیشین، ص٢٥.

(٣) الحیدری، السید کمال، المذهب الذتی فی نظریة المعرفة، الطبعة الاولي، دار الهادی، بیروت – لبنان، ٢٠٠٤م، ص٢٦٧-٢٦٨ .

(٤) لئوراوچ، پیشین، ص٢٦.



بەڵام بەپێچەوانەوە کانت پێیوایە کە ئەمپیریستەکان بە کورتکردنەوەی زانین بۆ ئەزموونی سێنسی کورتیانهێناوە، ئەوان دەرکیان بە بوونی بنەمای ترانسێندێنتاڵی نەکردووە کە چوارچێوەیەکە دەرئەنجامە سێنسییەکان دەچنە ناویەوە بۆ ئەوەی ببنە دەرککراوەکان (مدرکات)[1]. زانین لای کانت بەتەنها لەسەر ئەزموونی پەتی یان بە تەنها لەسەر ئاوەزی پەتی بنیاتنانرێت، بەڵکو ئەزموون و ئاوەز بەیەکەوە بەشداری تێدا دەکەن[2]. کانت دەڵێت: "هەموو زانینێکمان لەگەڵ ئەزموونندا سەرهەڵدەدات، کەواتە هیچ زانینێك بەکات پێش ئەزموون ناکەوێت، بەڵکو هەمووی لەگەڵ ئەزموونندا سەرهەڵدەدات، بەڵام ئەگەرچی هەموو زانینێکمان لەگەڵ ئەزموونندا سەرهەڵدەدات، لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوی لە ئەزموونەوە هەڵناهێنجرێت"[3]. دواتر کانت دەپرسێت: "ئایا جۆرێك لە زانین هەیە کە لە ئەزموون سەربەخۆبێت و تەنانەت لە هەموو چاپێنراوە سێنسیەکانیش؟ ئەم جۆرە زانینە پێیدەگوترێت ئاپریۆری و لە زانینی ئەمپیری جیادەکرێتەوە کە ئاپۆستەریۆرییە یان پاشئەزموونییە"[4]. کانت پێیوایە کە چاپاندنە سێنسیەکان بۆ جیهانی دیاردە سەرچاوەی بنچینەیی زانینن، بەڵام تاکە سەرچاوە نین، بەڵکو پێویستی بە توانستی تێگەیشتنە (الفاهمە/Verstand) کە پێشبینیە ئاپریۆریەکانی لێوە دێت.

کانت پێیوایە تێڕوانینەکەی هیوم لەسەر زانین ناتەواوە، لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان شیکردنەوەی تەواومان لە مەبەستی تێگەی ئەزموون ناداتێ، دووەمیان شرۆڤەی ئەوە ناکات کە چۆن ئاوەز هەڵدەستێت بە هاوبەشیکردن لەگەڵ ئەزموون

---

(١) بدوی، عبدالرحمن، المصدر السابق، ص٢٧٣.

(٢) علی، حنان، دراسات فلسفیة، الطبعة الاولي، دار الشؤون الثقافیة العامة، العراق-بغداد، ٢٠٠٧م ، ص١٢١.

(٣) کنط، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٤٥.

(٤) المصدر نفسه، ص٤٥.

بۆ گەیشتن بە زۆر لە بڕیارە ڕاستییەکان کە بە تەنها ڕاڤـەی واقیعـەکانی ئـەزموون ناکات[١]. ئەمپیریزمە بنەڕەتیەکەی هیوم بانگەشەی "گەڕانەوەی سەرجەم زانـین بـۆ ئەزموون" دەکات، سەرەنجامی لۆژیکیی ئـەم تیڕوانینـە بریتییـە لـە نـەبوونی هـیچ زانینێك. لە روانگەی گومانگەراییەکەی هیوم زانینی ئۆبژێکتیڤی نەشیاوە، بـەڵام کانت ئەمە ڕەتدەکاتەوە[٢].

لە روانگەی کانت زەینی مرۆڤ پەڕەیەکی سپی نییە وەك لۆك و هیوم بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو زەین خاوەنی دوانزدە کاتیگۆری پەتییە. زەین لە خۆیدا چالاکە، چالاکانە جیهان شرۆڤە دەکات نەك بە شێوەیەکی پاسیڤ[٣]، واتە کاتیگۆرییەکان پرەنسیپی ئاوەزین لە پرۆسەی زانیندا. لە هەقیقەتدا زەین بەبێ یارمەتی سێنس بەتاڵە و سێنسیش بەبێ تێگەیشتن کوێرە[٤].

کانت تیۆرییەکەی هیوم لەبارەی هۆئەنجام ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە کە هۆئەنجامی ئاپریۆرییە، لەنێوان هۆئەنجامیدا پەیوەندییەکی زەرووری هەیە و هەردەم دەمێنێتەوە، چونکە خودی زەین کاتیگۆری پەیوەندی زەرووری نێوان هۆئەنجام دەسەپێنێت، هۆئەنجام کاتیگۆری ئاپریۆری و گشتگیر و زەرووری زەینی مرۆڤە[٥].

(١) رویس، جوزایا، محاضرات في المثالية الحديثة، ترجمة: احمد الانصارى، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣م، ص٣٢.

(٢) لاوین، ت. ز، از سقراگ تا سارتر، ترجمه: پرویز بابایی، چاپ سوم، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٦، ص٢٥٥.

(٣) جوانبخت، ترانه، پیشین.

(٤) رویس، جوزایا، محاضرات فی المثالیة الحدیثة، ص٣٤.

(٥) لاوین، ت. ز، پیشین، ص٢٥٦.



## باسی سێیەم
## وەرچەرخانی کۆپەرنیکی

پێشتر ڕوونمانکردەوە کە لای کانت زانین تەنها بریتی نییە لە پرەنسیپێکی سێنسی کە زەین تیایدا پاسیڤە وەك ئەوەی هیوم دەیڵێت، بەڵکو بریتیە لە پرەنسیپی ئاوەزیش، واتا زەین خاوەنی دوازدە کاتیگۆری پەتیە کە چالاکانە پرەنسیپە سێنسییەکان ڕێکدەخات و ئاوێتەیان دەکات (دەیانگونجێنێت). کانت بەم ڕەخنەگرتنەی تیۆرییەکی نوێی لە زانیندا هێنایە ئاراوە، کە سەنتێزێك لە نێوان هەردوو ئاراستەی ئەمپیریزم و ئاوەزگەراییدا چێدەکات.

کانت پێیوایە کە زانین لە چوارچێوەی ئەزموونی سێنسیدا نەبێت بنیاتنانرێت، بەڵام ئەزموونی سێنسی تاکە سەرچاوەی زانین نییە، لەبەرئەوەی سێنسەکان تەنها کەرەستەی (ئەستووی) زانینمان پێدەبەخشن، بەڵام ئاوەز فۆرمەکەیمان دەداتێ، کەواتە ئەزموون لە ئاوەز سەربەخۆ نییە، بەڵکو ڕێکخستنێکە بۆ یاساکانی ئاوەز، بەمەش لای کانت بەهای ئاوەز بەرز دەبێتەوە[١].

کانت بە پێچەوانەی فەیلەسوفەکان کە وایان لە ئاوەز کردبوو بەرامبەر شتەکان بێت، ئاشکرای کرد کە سروشت یاساکانی خۆی بە زەینی مرۆڤ نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە زەین یاساکانی خۆی بە سروشت دەدات، واتا ئەوە شتەکانن بەرامبەری ئاوەزن[٢]. ئەوە زەینە کە یاسادانەر (قانون بخشی) سروشتە نەك بە پێچەوانەوە. وەك س. ئا. لویس فەیلەسوفی ئەمەریکی دەڵێت، "لە فەلسەفەکەی کانتدا، سەقامگیریی جیهانی بە زەینەوە پەیوەستکرا"[٣].

(١) السکری، عادل، المصدر السابق، ص٦٢ .

(٢) هوتون، هکتور، متعة الفلسفة، ترجمة: یعقوب یوسف ابونا، بیت الحکمة، بدون مکان الطبع، ٢٠٠٢م، ص١٣٩ .

(٣) لاوین، ت. ز، پیشین، ص٢٥٦.

لێرەوە وەرچەرخانەکەی کانت دەبینین کە ناوی ناوە "وەرچەرخانی کۆپەرنیکی"، واتە گۆڕینی هزرۆکەی گونجاندنی نێوان سەبژێکت و ئۆبژێکت(1). کۆپەرنیکۆس (١٤٧٣-١٥٤٤ز) وەرچەرخانێکی مەزنی هێنایە ئاراوە(2)، بەوەی ئاشکرای کرد کە زەوی جولاوەیە و جێگیر نییە، ئەوە زەویە کە بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە نەك بە پێچەوانەوە. کانت لە جێگەی ئەوەی بڵێت ئاوەز لە دەوری ئۆبژێکتەکان دەخولێتەوە بۆ ئەوەی بیانزانێت (فێریان بێت)، ئاشکرای کرد کە پێویستە بڵێین ئەوە شتەکان و ئۆبژێکتەکانن کە لە دەوری ئاوەز دەخولێنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ یاساکانیدا بگونجێنن و بچنە ژێر شێوازەکەیەوە بۆ تێگەیشتن لەرێی یاساکانی و ئەو وێناکردن و گریمانانەی کە ئاوەز لە لای خۆی لە لێڕوانینە شوێنکاتیەکەیدا دایڕشتوون (3). کەواتە زانینی راستەقینە ئەوەیە کە دەبێتە وەڵام بۆ ئەم پرسیارانەی کە پێشتر ئاوەز دیاریان دەکات.

ئەوەی کانت دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە کە ناشێت زانینمان بە شتەکان هەبێت و شتەکان ناتوانن پاشکۆی زانینی ئێمە بن، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە ئێمە زانینی ئاپریۆریمان هەبێت. ئەگەر وا دابنێین کە زەینی مرۆڤ لە زانیندا تەنها توخمێکی ناتوانایە، ناتوانین بە زانینی ئاپریۆری کە هەمانە بگەینە راستی. کەواتە دەبێت وادابنێین کە زەین چالاکە، ئەم چالاکبوونە بە واتای ئەوە نییە کە زەین شتەکان لە نەبوونەوە دەخوڵقێنێت، بەڵکو واتای ئەوەیە کە زەین فۆرمی زانراوی خۆی بەسەر ماددەی خاوی زانیندا دەسەپێنێت، بەڵام لەمەدا مەبەستمان لەوە نییە کە هۆکاری زانستی مرۆڤایەتی ئەم کارەی بە ویست و ئاگاییەوە ئەنجام دەدات(1).

---

(١) دولوز، جيل، فلسفة كانط النقدية، ترجمة: تعريب اوسامة الحاج، المؤسسة الجامعية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٨م، ص٢٥ .

(٢) وانت، كرستوفر، وكليموفسكى، اندزجى، اقدم لك.. كانط، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، الطبعة الاولي، المشروع القومى للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٢م، ص٦٨ .

(٣) الفندى، محمد ثابت، مع فيلسوف، دار النهضة العربية، بيروت، بدون تاريخ الطبع، ص١٧٢.

(١) كابلستون، فردريك، تاريخ فلسفه( از ولف تا كانت)، مترجمان: اسماعيل سعادت و منوچهر بزرگمهر، جلد ششم، چاپ سوم، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، تهران، ١٣٨٠، ص٢٤١-٢٤٢.



# بەشی دووەم

# بناغە ڕشتنی زانین لای کانت

## باسی یەکەم
## سەرچاوەکانی زانین

### تەوەری یەکەم: توانستی سێنسێتی و تێگەیشتن

پێشتر ڕوانگەی ئاوەزگەراکان و ئەمپیریستەکانمان دەربارەی بنەما و سەرچاوەی زانین خستەڕوو، کە نەیانتوانی کێشەی بنەما و سەرچاوەکانی زانین چارەسەر بکەن. ئاوەزگەراکان هەوڵیان دەدا سێنسەکان بۆ تێگەیشتن، ئەمپیرستەکانیش هەوڵیان دەدا تێگەیشتن بۆ سێنسەکان بگێڕنەوە. کانت بە ڕەخنەگرتن لەم دوو ڕێبازە تێڕوانینێکی تازەی بۆ سەرچاوەکانی زانین خستەڕوو، دوو توانست یان دوو سەرچاوەی زانینی دیاریکرد، ئەوانیش سێنسێتی و تێگەیشتنن.

کانت لە سەرەتاوە جیاوازی یەکلاکەرەوە لە نێوان چالاکی دەرککردنی سێنسی و چالاکی تێگەیشتندا دەکات، لەسەر ئەو بنەماییەی کە یەکەمیان تایبەتمەندی توانستی سێنسێتییە، دووەمیان تایبەتمەندی توانستی تێگەیشتنە[1]. کانت دەڵێت: "دوو سەرچاوەمان بۆ زانینی مرۆڤ هەیە کە لەوانەیە لە یەك پرنسیپی هاوبەشەوە هاتبن، بەڵام لای ئێمە نادیارن، ئەوانیش توانستی سێنسێتی و تێگەیشتنن، ئێمە بە یەکەمیان ئۆبژێکتەکان وەردەگرین، بەڵام بە دووەمیان دەهزرێین"[2].

"توانست لەسەر (وەرگرتنی) پێشبینیەکان کە پێی کاریگەری دەنوێنین لەسەر ئۆبژێکتە هاتووەکان، پێیدەگوترێت سێنسێتی. بە هۆی سێنسێتییەوە ئۆبژێکتەکان وەردەگرین، ئەو بە تەنها دەمانگەیەنێت بە لێڕوانینەکان

---

(١) وانت، کرستوفر و اخرون، المصدر السابق، ص٥٣ .

(٢) کنگ، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٥٦ .

(بالحدوس). بەڵام توانستی تێگەیشتن لە ئۆبژێکتەکان دەهزرێت و لێیەوە تێگەکان (الافاهیم) چێدەبن، پێویستە هەموو هزرێك لە کۆتاییدا لە پەیوەندیدا بێت بە لێڕوانینەکان، جا ئەوە بە تەواوی ڕاستەوخۆ بێت (directe)، یان بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ بێت (indirecte) بەهۆی هەندێك نیشانەوە، دوای ئەوەش پێویستە لە پەیوەندیدا بێت بە سێنسێتییەوە، چونکە بەڕێی سێنسێتییەوە نەبێت هیچ ڕێگەیەك نییە هەر ئۆبژێکتێك وەربگرین. کاریگەریی ئۆبژێکت لەسەر توانستی پێشبینیکردن سێنساسیۆن (الاحساس) دەهێنێتە گۆڕێ، ئەو لێڕوانینە (الحدس) کە بەهۆی سێنساسیۆن (الاحساس) لە پەیوەندیدایە بە ئۆبژێکتەوە، پێیدەگوترێت لێڕوانینی ئەمپیری، ئەو ئۆبژێکتەش کە بۆ لێڕوانینی ئەمپیری (لحدس ئەمپیری) دیاریکراو نییە (اللا- متعین)، پێیدەگوترێت دیاردە"[١]. کەواتە توانستی سێنسێتی ئەوەیە کە بە هۆیەوە چاپاندنە سێنسییەکان وەردەگرین وەك چۆن دوو فۆرمە ئاپریۆرییەکە وەردەگرین، کە کات و شوێنن[٢]. ئەزموونی سێنسی زانینی نوێ دەداتە زەین، بەمەش بە توانستی سێنسێتی پەیوەست دەبێت. توانستی سێنسێتی پاسیڤە لەبەرئەوەی تەنها زانیاریەکان وەردەگرێت[٣]، بەڵام توانستی تێگەیشتن ئەوەیە کە پێشبینییە ئاپریۆریەکانی لێوەدێت، کە دواتر ناویاندەنرێت کاتیگۆرییەکان، واتە تێگەیشتن توانستی پێکهێنانی پێشبینییەکانە، تێگەیشتن ئەکتیڤە لەبەرئەوەی پێشبینییەکان لە فۆرمی هزریدا ئاوێتە دەکات[٤].

(١) المصدر نفسه، ص٥٩.

(٢) زیدان، محمود فهمی، کنط وفلسفتة النظریة، ص٥١.

(٣) ابراهیم، ابراهیم مصطفی، مفهوم العقل في الفکر الفلسفی، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٩٣م، ص١٠٧.

(٤) لئوراوچ، پیشین، ص٦٤.



سێنسێتی و تێگەیشتن لێکجیاوازن، لەبەر ئەوەی هەریەکەیان کامیلێتییەکی هەیە کە لەوەی دی جیاوازە. دروست نییە بڵێین ئۆبژێکتەکانی تێگەیشتن هەمیشە روونن و ئۆبژێکتەکانی سێنسێتی هەمیشە ناڕوونن (نادیارن). ماتماتیك سەر بە سێنسێتییە، بەڵام روونە، میتافیزیك پشتدەبەستێت بە تێگەیشتن، بەڵام نادیارە (ناروونە)، لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتن دەمانگەیەنێت بە زانینی دیار بۆ کێشە مۆڕاڵیەکانی وەك واتاکانی ماف و ئەرك، سێنسێتی ناروونە. کەواتە هەردووکیان پێدراوی روونیان هەیە، واتە روونیمان هەیە بۆ سێنسەکان و تێگەیشتن، ئەمە کاری ئەم دوو توانستە بوو کە لێمان ڕوانین لە رووی سروشتیانەوە[١].

بەڵام ئەگەر بەپێی گرنگیەکەیان لێیانبڕوانین جیاوازیەکی کەمترمان وەك لەوەی سەرەوە نابێت، لەڕێگەی سێنسێتییەوە ئۆبژێکتەکان بە زەینمان دەگەن، بەو پێیەی ئەستووەکەیەتی و، بە تێگەیشتن ئۆبژێکتەکان ڕووندەکرێنەوە[٢]. هیچ یەك لەم دوو توانستەی زانین لەوەی دی گرنگتر نییە، لەبەرئەوەی بەبێ سێنسێتی ناتوانین هیچ شتێ وەربگرین و، بەبێ تێگەیشتن ناتوانین دەربارەی هیچ شتێ بهزرێین[٣].

کانت دەڵێت: "هزرین بە تەنها بەبێ ناوەڕۆك (واتە بەبێ وێنا سێنسییەکان) بەتاڵە، لێڕوانینی سێنسی (حدوس) بە تەنها بەبێ تێگەیشتنەکان (افاهیم) کوێرە"[٤]. هەروەها دەربارەی ئەرکی ئەم دوو توانستە دەڵێت: "ناشێت ئەم دوو

(١) بوترو، امیل، فلسفة کانط، ترجمة: عثمان امین، الطبعة الاولي، الهیئة المصریة العامة للکتاب، القاهرة، ١٩٧١م، ص٥٤-٥٥.

(٢) المصدر نفسه، ص٥٥.

(٣) متی، کریم، المصدر السابق، ص٢٤٧ .

(٤) کنگ، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٧٥.

توانسته ئەرکەکەی خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن. توانستی تێگەیشتن ناتوانێت ئۆبژێکتێك دەرکبکات و سێنسێتی ناتوانێت لە ئۆبژێکتێك تێبگات، تەنها بە یەکگرتنی هەردووکیان دەشێت زانین چێببێت"[١].

کەواتە سێنسێتی و تێگەیشتن دوو سەرچاوەن بۆ زانینمان، سەرچاوەی یەکەمیان دەمانگەیەنێت بە ئۆبژێکتەکان، لە کاتێکدا کە سەرچاوەی دووەمیان ڕێگەمان پێدەدات تێبگەین لەو ئۆبژێکتانە. بەڵام کانت کاتێك لە سێنسێتی دەدوێت، لە نێوان فۆرمی لێڕوانینی سێنسی و کەرەستەکەی جیاوازی دەکات: کەرەستەی ئۆبژێکتی دەرککردنی سێنسیە، یان ئەوەی بەرامبەر هەستکردنە لە چوارچێوەی دیاردەدا، لە کاتێکدا کە فۆرم بنەمای ناخەکییە لە خودی زانەردا[٤]، کەواتە کەرەستە زانیارییە سێنسییەکانە، لە کاتێکدا فۆرم هەمان فۆرمی لێڕوانینە، بە واتایەکی دی فۆرمی هزرینە، کانت پێیواییە کە فۆرم لە کەرەستەدا نییە بەڵکو لە زەیندایە[٢].

ئەم جیاوازیکردنە لە نێوان سێنسێتی و تێگەیشتن لەلای کانت بەسەر هەموو ڕەخنەدا باڵادەکێشێ. ئێمە لە ڕەخنەکانی کانتەوە دوو پنتی کرۆکی لە پنتەکانی ئیدیالیزمی ترانسێندێنتالی دەردەکێشین: یەکەم شتەکان لە خۆیاندا نازانین، دووەم زانینمان لە جیهانماندا خودی کاریگەریی ئۆبژێکتییە، وەك چۆن دوو توانستی زانەرمان هەن و گومان لەوە نییە کە دەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی توانینی گونجان لە نێوانیاندا بکەین[٣].

(١) المصدر نفسه، ص٧٥.

(٢) ابراهيم، زكريا، المصدر السابق، ص٥٣.

(٣) جوانبخت، ترانه، پیشین.

(٤) بوترو، اميل، المصدر السابق، ص٥٦.



## تەوەری دووەم: زانینی ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆری

کانت دوو جۆر زانینی جیاواز لەیەك دیاری دەکات: زانینی ئاپریۆری و زانینی ئاپۆستەریۆری*. کانت دەڵێت: "جۆرێك لە زانینمان هەیە کە سەربەخۆیە لە ئەزموون و تەنانەت لە هەموو چاپاندنە سێنسییەکان، کە پێی دەگوترێت زانینی ئاپریۆری، ئەمیش لە ئەمپیری جیاوازە کە سەرچاوەکەی ئاپۆستەریۆر، یان ئەمپیرییە"[١]. زانینی ئاپریۆری بە پێچەوانەی زانینی ئەزموونی زەرووری و گشتێتییە، کە لە ئەزموون وەرناگیرێت، بەڵکو لە سروشتی ئاوەز خۆیدایە. کانت دەڵێت: "زانینی ئاپریۆری ئەوە نییە کە لەم ئەزموونە یان ئەو ئەزموونە سەربەخۆیە، بەڵکو لە هەموو ئەزموونێك سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە، پێچەوانەکەی زانینە ئەمپیرییەکانە یان ئەوەی کە بە ئاپۆستەریۆری دەشێت، بەم پێیە مەبەستمان لە ئەزموونە"[٢]. بەمەش کانت ڕەتی لۆك دەداتەوە کە پێیوایە زەین لاپەڕەیەکی سپییە کە هیچی لەسەر نەنووسرابێت، لە ڕوانگەی کانت زانینی ئاپریۆریمان هەیە کە لە زەیندایە بۆ نمونە هەقیقەتە زەرووریەکان لە ماتماتیکدا کە بە ئاپریۆری دەشێن[٣]. کەواتە پێوەری ئاپریۆری زەرووڕەت و گشتێتییە، بەڵام ئەزموون هەرگیز گشتێتیی و زەرووریمان ناداتێ.

* ئاپریۆری (apriori) واژەیەکی لاتینییە، واتا (یەکەم) یان (پێش)، لە ئاوەزگەراییدا واتای (پێش ئەزموونی)، سەربەخۆ لە ئەزموون واتا پشت بە ئەزموون نابەستێت، دەگەیەنێت، بەڵام ئاپۆستەریۆری (aposteriori) بەهەمان شێوە واژەیەکی لاتینییە واتای (پاش) دەگەیەنێت، لای ئەمپیریستەکان واتای ئەزموونی دیاریکراو، تێبینی کردن یان ئەزموون دەگەیەنێت، بڕوانە: ایرل، ولیم، مدخل الي الفلسفة، ترجمة: عادل مصطفي، الطبعة الاولي، المجلس الاعلي للثقافة، القارة، ٢٠٠٥م ، ص٨٨.

(١) کنط، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٤٥.

(٢) المصدر نفسه، ص٤٦.

(٣) الفلاحي، عبدالله محمد على، نقد العقل بين الغزالي و كانط، الطبعة الاولي، المؤسسة الجامعية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٣م ، ص٢١٣.

زەروورەت و گشتێتیی دوو پێوەری جەختن بۆ زانینی ئاپریۆری، کە ناتوانین یەکێکیان لەوەی دی جیابکەینەوە[1]. بەڵام کاتێك کانت دەربارەی پێشبینییە ئاپریۆرییەکان دەدوێت مەبەستی لەوە نییە کە لەناخدارِسکاون، بەڵکو ئامادەباشییەکن dispositions)) لە ئاوەزدا، هەستیان پێناکرێت تەنها ئەو کاتە نەبێت کە پاڵنەرێك دەبێتە هۆی دەرکەوتنیان، واتا ڕوودانێکی سێنسی دەبێتە پاڵنەریان[2].

کانت پێیوایە لەبەرئەوەی زانینی ئاپۆستەریۆری لە ئەزموون وەردەگیرێت، بۆیە ناشێت تەنها تاکە بنەما بێت بۆ زانستەکان، هەر بۆیە کانت پێیوایە کە دەبێت بڕیارەکانی زانست لە یەك کاتدا ببەستن بە بنەما سەنتێزییەکان و ئاپریۆرییەکان پشت.

کانت لە بەشی دێدوکسیۆنی ترانسێندێنتاڵیدا، هەردوو کێشەی پەیوەست بە شیمانەی زانینی ئاپریۆری یەکسان بە ئەزموون و کێشەی پەیوەست بە نەشیاوی زانینی ئاپریۆری بەدەر لە ئەزموون دەخاتە ڕوو، بۆ کێشەی یەکەم ڕوونیدەکاتەوە کە سەبژێکت بنەما ئاپریۆریەکانی بە سەر سروشتدا دەسەپێنێت، دوای چارەسەری ئەم کێشەیەش پاساو بۆ زانینی ئاپریۆری دەهێنێتەوە، بۆ کێشەی دووەمیش، سنووردارێتی زانین لە چێوەی ئەزموونیدا پیشاندەدات. لۆژیك لە ڕوانگەی کانت ئەو بنەما زەینیانەیە کە لەسەر بناغەی نەسازی وەستاون، بەڵام لۆژیکی دیالێکتیکی ئەم نەسازیە ڕووەو بزووتنێکی زەینی وەردەگۆڕێت (فۆرمولی: تێز، ئەنتی تێز و سەنتێز)، واتا زانینی من دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی من، چالاکی کرداری من لەسەر غەیری من کاریگەری دادەنێت، شیاوبوونی زانینی یاساکانی سروشت بەهۆی ئەزموونەوە نییە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەرککردن، ئەم بنەمایانە بە شێوەیەکی ئاپریۆری بە زەرووری دادەنێت[1].

---

(1) دولوز، جیل، المصدر السابق، ص٢١-٢٢.

(٢) زیدان، محمود فهمی، کنط و فلسفتة النظرية، ص٥٣.

(٢) جوانبخت، ترانه، پیشین.



## باسی دووەم
## جۆرەکانی بڕیار

### تەوەری یەکەم: بڕیاری شرۆڤەیی و بڕیاری سەنتێزی (ترکیبی)

کانت وەك لایبنیتس پێیوایە کە زانین تەنها لە بڕیاردا خۆیدەنوێنێت، هیچ زانینێکمان لە دەرەوەی بڕیاردا نییە. شرۆڤەی زانینی زانستی لەسەر کۆمەڵێك بڕیار بنیاتنراوە کە ڕاست و هەڵە لەخۆدەگرن[1]. هەربۆیە کانت لە دەروازەی کتێبی ((ڕەخنەی ئاوەزی پەتی))دا جیاوازی لە نێوان بڕیارەکاندا دەکات.

کاتێك ئێمە دەربارەی شتێك دەدوێین، دەکەوینە بڕیاردانەوە: دیوارەکە سپییە، یان دوو کۆی دوو یەکسانە بە چوار. کانت دوو جیاوازی لە نێوان بڕیارەکاندا دەکات، یەکێکیان جیاوازی نێوان بڕیارە ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆریەکانە، دووەمیشیان جیاوازی نێوان بڕیاری شرۆڤەیی و بڕیاری سەنتێزییە.

بڕیاری ئاپریۆری ئەو بڕیارەیە کە لە ئەزموونی سێنسی سەربەخۆیە و ناشێت لە ئەزموونەوە هاتبێت. کانت پێیوایە سێ جۆر بڕیاری ئاپریۆریمان هەیە، بڕیارەکانی ماتماتیك، هەندێ لە بڕیارەکانی ئەزموون و بڕیارەکانی میتافیزیك[2]. کانت دوو جۆر پێوەر بۆ جیاکردنەوەی بڕیارە ئاپریۆرییەکان دیاریدەکات، کە زەروورەت و گشتێتییە، "بڕیاری ئاپریۆری بە زەروورەت ئاپریۆرین لەو ڕوانگەوە کە پێشمەرجی هەر هزرینێکن"[3]، بەڵام کانت

---

(١) الفندی، محمد ثابت، المصدر السبق، ص١٦٨.

(٢) عبداللة، محمد فتحی، الجدل بين ارسطو و كنط، الطبعة الاولي، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٥م ، ص١٤٥.

(٣) هرش، ژان، شگفتی فلسفی، ترجمه: عباس باقری، چاپ دوم، نشرنی، تهران، ١٣٨٦ش، ص٢٠٠.

مەبەستی لە زەروورەت لێرەدا زەروورەتی لۆژیکی یان زەروورەتی ئەمپیری نییە، بەڵکو مەبەستی زەروورەتی ترانسێندێنتاڵی یان زەروورەتی ئەپستیمۆلۆژییە. کانت بۆ گشتێتی بڕیاری ئاپریۆری جیاوازی لە نێوان گشتێتیەکی گریمانەکراو (assumed) و گشتیەتییەکی هەقیقی (true) دەکات، بڕیاری گشتێتی گریمانەکراو بە ئیستقرا (ئیندوکسیۆن) پێیدەگەین، بەڵام بڕیاری گشتێتی هەقیقی، ڕاستی ڕەها لەخۆ دەگرێت[1]. دووەمین بڕیار لە جۆری یەکەم بڕیاری ئاپۆستەریۆرییە، کە بە پێچەوانەی بڕیارە ئاپریۆرییەکان، بەرهەمی ئەزموونن، کەواتە نە زەروورین و نە گشتی[2].

دووەمین جۆری بڕیارەکان بڕیاری شرۆڤەیی و بڕیاری سەنتێزییە."لە هەموو بڕیارەکاندا کە دەربارەیان دەهزرێین، پەیوەندی سەبژێکت بە هەڵگیراوەوە هەیە (مەبەست تەنها لە بڕیارە پۆزەتیڤەکانە کە بە ئاسانی دەتوانرێت بە سەر بڕیارە نێگەتیڤەکانیشدا جێبەجێ بکرێت)، ئەم پەیوەندییە لەسەر دوو ئاراستە شیاوە: یان هەڵگیراوی (ب) سەر بە سەبژێکتی (ا) دەبێت، بەو سیفەتەی "بە ڕێگەی لەخۆگرتوویی (چمنیە)" شتێکی لەناو تێگەی (ا)دا هەیە، یان دەبێت (ب) لە دەرەوەی تێگەی (ا)دا بێت، لە دەرەوەبوونێکی تەواو، سەرەڕای ئەوەی پێوەی پەیوەستکراوە. لە حاڵەتی یەکەمدا بڕیارەکە پێیدەگوترێت شرۆڤەیی، لە دووەمیشیاندا پێیدەگوترێت سەنتێزی"[3].

بڕیارە شرۆڤەییەکان ئەو بڕیارانەن کە تێیاندا پێکەوەلکاندنێك بەپێی ئیدێنتیتیێ لە نێوان سەبژێکت و هەڵگیراودا هەیە. بڕیاری شرۆڤەیی تەنها ڕاڤەییە، لەبەرئەوەی بە هەڵگیراوەکەی شتێك ناخاتە سەر تێگەی سەبژێکت،

(١) عبداللة، محمد فتحی، المصدر السابق، ص١٤٥.

(٢) هرش، ژان، پیشین، ص٢٠٠.

(٣) كنط، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٤٨-٤٩.



بەڵکو تەنها هەڵدەستێت بە شرۆڤەکردنی ئەوەی کە هەیە و هیچ زانیارییەکی نوێمان ناداتێ، بۆ نمونە کاتێك دەڵێین (سەرجەم جەستەکان کشاون)، ئەمە بڕیارێکی شرۆڤەییە، لەبەرئەوەی شتێکی زیادەمان دەرنەبڕیوە، تێگەی (کشان) لەناو جەستەدایە، هیچ جەستەیەك نییە کە کشاو نەبێت[1]. واتا کاتێك تێگەی جەستە دەردەبڕین، هاوکات تایبەتمەندی کشانیش لەناویدایە. بڕیاری (جەستەکان کشاون) گوزارشتە لەوەی کە (کشاوی) پێشتر هەبووە تەنها دووبارەی دەکاتەوە، کەواتە ئەم بڕیارە شرۆڤەییە.

بەڵام بڕیارە سەنتێزییەکان ئەو بڕیارانەن کە پشت بە ئەزموونی سێنسی دەبەستن، پێکەوەلکان لە نێوان سەبژێکت و هەڵگیراودا بەبێ ئیدێنتیتییە. ئەم جۆرە بڕیارە فراوانکردنە (توسیعیە)، لەبەرئەوەی زانیاری نوێمان دەداتێ، واتا هەڵگیراو زیادەیەك دەخاتە سەر تێگەی سەبژێکت، بۆ نمونە کاتێك دەڵێین: (هەموو جەستەکان کێشیان هەیە)، ئەمە بڕیارێکی سەنتێزییە، لەبەرئەوەی هەڵگیراو سیفەتێکی نوێ دەخاتە سەر سەبژێکت[2]، واتا تێگەی جەستە پێشبینی کێش لەخۆ ناگرێت، دەتوانین جەستەیەك پێشبینی بکەین کە کێشی نەبێت، کەواتە کاتێك دەڵێین (جەستەکان کێشیان هەیە) ئەمە بڕیارێکی سەنتێزییە، لەبەرئەوەی ئەزموون سەرچاوەیەکی هەمیشەییە بۆ بڕیاری سەنتێزی، ئەزموون هەمیشە دەمانگەیەنێت بە سیفەتێکی نوێ کە پێشتر نەمانزانیوە.

لەم دوو جۆر جیاوازیکردنەوە لە نێوان بڕیارەکاندا بەپێی ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆرییان، شرۆڤەیی و سەنتێزییان، دەگەین بە دابەشکردنێکی نوێ

(١) المصدر نفسە، ص٤٩.

(٢) المصدر نفسە، ص٤٩.

بۆ بڕیارەکان لە لای کانت، ئەوانیش بڕیاری شرۆڤەیی ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆرییە وە بڕیاری ئاوێتەیی ئاپۆریۆری و ئاپۆستەریۆریە[1].

لە روانگەی کانت بڕیارە ئاپۆریۆرییەکان و ئاپۆستەریۆرییەکان دەشێت هەم شرۆڤەیی و هەم سەنتێزی بن[2]. کانت پێیوایە بڕیاری شرۆڤەیی ئاپریۆرییە، هەربۆیە بڕیاری شرۆڤەیی ئاپۆستەریۆری نەشیاوە، لەبەرئەوەی لە گوزارشتی شرۆڤەیی ئاپۆستەریۆریدا نەسازی هەیە، لەبەرئەوەی ئەوەی پێیدەگەین تەنها لە شرۆڤەکردنەوە دێت و لە ئەزموونی سێنسییەوە نایەت. بڕیاری سەنتێزی ئاپۆستەرێوریمان هەیە کە پشت بە زانینی نوێ دەبەستێت، کە لە ئەزموونی سێنسییەوە هاتووە، بەڵام بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆریمان هەیە کە هەڵگیراو پێشبینییەکی نوێ دەخاتە سەر سەبژێکت، بەڵام لە هەمانکاتدا سەربەخۆیە، سەربەخۆییەکی لۆژیکی لە ئەزموونی سێنسی، ئەم بڕیارە دوو پرەنسیپ لەخۆ دەگرێت: پرەنسیپێکی ئەزموونی کە لێڕوانینی سێنسییە و پرەنسیپێکی دی کە توانستی تێگەیشتن وەك پێشبینییەکی ئاپریۆری دەیخاتە سەر بڕیارەکە[3]. کانت پێیوایە بۆ هەر زانستێك کە زەرووری و واقیعی بێت لە هەمانکاتدا دەبێت لە یەککاتدا لەسەر بڕیاری سەنتێزی و ئاپریۆری بنیاتنرابێت. گەر لە بڕیاری زانستی ماتماتیك و فیزیك بڕوانین ئەوا بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری دەبینین[4].

(١) عبداللة، محمد فتحی، المصدر السابق، ص١٥٠.

(٢) هرش، ژان، پیشین، ص٢٠٠.

(٣) زیدان، محمود فهمی، کنط و فلسفتة النظریة، ص٦٨.

(٤) عبداللة، محمد فتحی، المصدر السابق، ص١٥٠.



## تەوەری دووەم: بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری

کانت لە جیاکردنەوەی بڕیارەکاندا لە ڕووی سەربەخۆیی یان پەیوەست بوونیانەوە بە ئەزموونی سێنسی، بە بڕیاری ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆری گەیشت. لە جیاکردنەوەی بڕیارەکاندا لە لایەنی لەناوبوونی هەڵگیراو لە سەبژێکتدا یان لەدەرەوەی، بە بڕیاری شرۆڤەیی و سەنتێزی گەیشت، لە ئەنجامی ئەوەشدا گەیشت بە دابەشکردنێکی چوارینەیی بڕیارەکان بۆ بڕیاری شرۆڤەیی ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆری، و بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری و ئاپۆستەریۆری.

کانت پێیوایە بۆ هەر زانستێك کە زەرووری و واقیعی بێت، دەبێت لە هەمانکاتدا لەسەر بڕیاری سەنتێزی و ئاپریۆری بنیاتبنرێت.

پرسیاری کرۆکی کانت ئەوە بوو: ئایا دەشێت هەموو زانستێك بڕیار بێت و ئایا بڕیاری سەنتێزی بە ئاپریۆری شیاوە؟ کانت لە ((ڕەخنەی ئاوەزی پەتی))دا وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.

وەك پێشتر باسمانکرد، بڕیار ئەوکاتە ئاپریۆری دەبێت، گەر گشتی و زەرووری بێت، کاتێکیش دەبێت بە سەنتێزی گەر هەڵگیراو و سەبژێکت لێکجیاواز بن. هیوم پێیوایە ئەم دوو بڕیارە بەیەکەوە کۆناکرێنەوە، لەبەرئەوەی ئەوەی ئاپریۆری بێت شرۆڤەییە و، ئەوەی سەنتێزی بێت ئاپۆستەریۆرییە[1]. بەڵام کانت بە پێچەوانەی هیومەوە، پێیوایە لە بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆریدا هەردوو لایەنەکە دەتوانرێت بە یەکەوە کۆبکرێنەوە، واتا ئەم بڕیارە لە لایەکەوە زەرووری و گشتییە، لەبەرئەوەی ئاپریۆرییە و، لەلایەکی ترەوە هەڵگیراو و سەبژێکت لێکجیاوازن هەڵگیراو بەو مانایەی زانیارییەکی نوێمان دەداتێ کە لە سەبژێکتدا نییە، کەواتە سەنتێزییە[2]. واتا لە بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆریدا

(١) کامیل، فؤاد واخرون، الموسوعة الفلسفیة المختصرة، مکتبة النهضة، بغداد، ١٩٨٣م، ص٣٣٠.

(٢) کابلستون، فردریك، پیشین، ص٢٣٨.

سەربەخۆییەکی لۆژیکی هەیە لە ئەزموونی سێنسیدا هەیە، وەك پێشتریش باسمانکرد ئەم بڕیارە دوو پرەنسیپ لەخۆ دەگرێت: پرەنسیپێکی ئەزموونییە، کە لێڕوانینی سێنسییە و پرەنسیپێکی دی کە توانستی تێگەیشتن دەیخاتە سەری، کە پێشبینییەکی ئاپریۆرییە[(١)].

لە روانگەی کانت هەموو زانستە ئاوەزییە تیۆرییەکان بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری وەك بنەمایەك لەخۆدەگرن، بۆ نمونە بڕیارەکانی ماتماتیك سەرجەمیان سەنتێزیین، بەڵام لەبەرئەوەی زەروورین، ئاپریۆرییشن[(٢)]. بڕیاری (٧+٥= ١٢) لە سەرەتادا پێمانوایە تەنها بڕیارێکی شرۆڤەییە، بەڵام کاتێك لێیدەڕوانین دەبینین (٧+٥) ڕاستەوخۆ هەڵگیراوی (١٢)مان پێڕاناگەیەنێت، لەبەرئەوەی (بەدەستهێنانی کۆکردنەوەی حەوت و پێنج) زیاتر لە کۆکردنەوەی دوو ژمارە لەخۆدەگرێت لە یەکدا، کۆکردنەوەیەك کە ناتوانین لەگەڵیدا هەرگیز لەوە بهزرێین کە ژمارەی یەکەم چییە، کە دوو ژمارەکەی دی لەخۆدەگرێت. کەواتە تێگەی (١٢) تەنها بە یارمەتی ئاگاداربوونی ڕاستەوخۆ دەتوانرێت بەدەستبێت، بڕیارەکانی ژماردن هەمیشە سەنتێزین، واتا سەنتێزی ئاپریۆرین، چونکە هەروەك بینیمان زەروورین، هەربۆیە ناتوانرێت سەنتێزی ئاپۆستەریۆری بن[(٣)].

هەروەها بڕیارەکانی ئەندازەی پەتی، سەنتێزی ئاپریۆرین، بۆ نمونە کانت دەڵێت: "(هێلیٚ ڕاست کورتترین هێڵە لە نێوان دوو خاڵدا)، بڕیارێکی سەنتێزییە، لەبەرئەوەی تێگەی (ڕاست) لەخۆگری تێگەی چەندێتی نییە، تەنها چۆنێتی لەخۆدەگرێت، کەواتە تێگەی (کورتترین) جگە لەوە بە هیچ

---

(١) زيدان، محمود فهمى، كنط و فلسفتة النظرية، ص٦٨.

(٢) كنگ، عمانوئيل، المصدر السابق، ص٥٠.

(٣) المصدر نفسه، ص٥٠.



شرۆڤەیەکی دیکە لە تێگەی (هێڵی ڕاست) شیاوی دەرهێنان نییە، پێویستە لێرەدا بە لێڕوانینێك وەریبگرین کە بە تەنها وا لە سەنتێزەکە دەکات بشێت"[(١)].

کانت پێیوایە کە ئەندازەییەکان لە بەشێك لە بڕیارە شرۆڤەییەکان سوود وەردەگرن، بەڵام هەموو بڕیارەکانی ماتماتیکی پەتی و تایبەت، بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆریین، لەبەرئەوە کانت تێروانینەکەی لایبنیتس ڕەتدەکاتەوە، کە پێیوایە ماتماتیکی پەتی بە تەنها زانستێکی شرۆڤەییە کە لەسەر بنەمای نەبوونی نەسازی دامەزراوە[(٢)].

کانت پێیوایە زانستی فیزیایش بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری لەخۆدەگرێت وەك بنەمایەك، بۆ نمونە (لە هەموو گۆڕانەکانی جیهانی جەستەییدا چەندێتیی ئەستوو بە جێگیری دەمێنێتەوە) یان (لە سەرجەم بزووتنەکاندا کردار و پەرچەکردار یەکسانن)، دەبینین بڕیاری یەکەم ئاپریۆرییە، بەڵام لە هەمانکاتدا سەنتێزیشە، چونکە تێگەی (ئەستوو) پێشبینی نەگۆڕییەکەی بە زەینی ئێمە دەگات، کەواتە بڕیارەکە سەنتێزییە، بەڵام سەرباری ئەمەش ئاپریۆرییە[(٣)].

کانت پێیوایە لە میتافیزیکیشدا بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆریمان هەیە، لانیکەم لە لایەنی ئامانجەکەیەوە بە تەنها لە بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری پێکهاتووە، بۆ نمونە، بڕیاری (جیهان دەبێت سەرەتایەکی هەبێت) بڕیارێکی سەنتێزی ئاپریۆرییە[(٤)].

---

(١) المصدر نفسه، ص٥١.

(٢) كابلستون، فردريك، پيشين، ص٢٣٩.

(٣) كنگ، عمانوئيل، المصدر السابق، ص٥١.

(٤) المصدر نفسه، ص٥٢.

کەواتە چۆنێتی شیانی زانین هاوتای چۆنێتی شیانی بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆرییە. زانین تەنها لە بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆریدا شیاوە، چونکە لە لای کانت هەموو زانینێك دەبێت لایەنی ئەمپیری و ئاوەزی لەخۆبگرێت، بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆریش زەرووریە، چونکە ئاپریۆریە، لە هەمانکاتیشدا ئەزموونییە، لەبەرئەوەی سەنتێزیە.



# بەشی سێیەم

# فۆرمەکانی زانین

## باسی یەکەم
## شوێن و کات وەك دوو فۆرمی زانین

### تەوەری یەکەم: شوێن و کات

پێشتر باسی توانستی سێنسێتی و تێگەیشتنمان کرد، کانت مەبەستی بوو بزانێت کە داخۆ لە سێنساسیۆن (احساس) و دەرککردندا شتی ئاپریۆری هەیە، تاکو بشێت بڕیارە سەنتێزییە ئاپریۆریەکان بزانرێن؟ ئامانجی رەخنەی ئاوەزی پەتی ئەوەیە کە ئایا لە سێنساسیۆندا شتێك هەیە کە بەرئەنجامی ئەزموون نەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای کانت زەرووڕەت و گشتێتی بوو، گەر شتێکی زەرووری و گشتی لە سێنساسیۆندا هەبێت، بێگومان ئەو شتە ئاپریۆرییە.

کانت لە بەشی یەکەمی ((ڕەخنەی ئاوەزی پەتی))دا واتا ئێستاتیکای ترانسێندێنتاڵیدا، پێیوایە گەر میکانیزمی دەرککردنمان لە توانای دابێت شتێك مسۆگەر بکات، ئەوا دەبێت شتێکی پێ بدرێت، ئەو شتەش هەمان ئەو چاپاندنە سێنسیانەن کە بەرهەمی ئەزموونن، واتا ئێمە بەڕێی سێنسێتییەوە لێڕوانینمان هەیە، لەنێو لێڕوانیندا ئەوە هەیە، کە بە شێوەیەکی ئەمپیری، واتا بەبێ هیچ پێوەنانێك لەلایەن ئێمەوە بە ئێمە دراوە، ڕەنگەکان، بۆنەکان، دەنگەکان... هتد، ئەمانە هەموویان ئاپۆستەریۆرین، بەڵام ئەوەی بە ئێمە دراوە تەنها بەڕێی ئێمەوە "فۆرمی لێڕوانین" وەردەگرێت، واتا کاتێك ئێمە هەمەلایەنیەتیەکە یەکدەخەین، کەرەستە بە شێوەیەکی ئاپۆستەریۆری، بەڵام فۆرمەکەی بە ئاپریۆری دراوە، کەرەستە شتێکی ئەمپیرییە، بەڵام فۆرم شتی پەتییە، هەردووکیان بریتین لە لێڕوانین، یان لێڕوانین بریتیە لە کەرەستەی فۆرمێنراو[1]. گەر ئێمە سەرجەم کەرەستە دەرەکییەکان لە وێنە سێنسییەکان

---

(١) هرش، ژان، پیشین، ص٢٠٢.

داماڵین، دوو فۆرمی پەتی دەمێننەوە کە لە سەرجەمیاندا هاوبەشە، ئەو دوو فۆرمە بریتین لە شوێن، کە بەهۆیەوە یەکخستنەکە دەبێت بە دەرەکییەك و پاڵیەکییەك، هەروەها کات، کە بە هۆیەوە یەکخستنەکە دەبێت بە هاوکاتهەبوویەك و پاشیەکییەك، کات و شوێن شتێکی ئەمپیری نین کە لە دەرەوە بە ئێمە درابن، بەڵکو ئاپریۆرین، ئەمەش بەرپێی زەروورەتەکەیانەوە دەسەلمێنرێت، ئەویش کاتێك ئێمە بێتواناین بۆ ئەوەی پشتگوێیان بخەین، یان لێیان بە ئەبستراکسیۆن هەستین، واتا ئەوە ئەنجام بدەین کە ئێمە لە حاڵەتی سەرجەم شتە ئەمپیرییەکاندا دەتوانین پێی هەستین[1]. ئێستێتیکی ترانسێندێنتاڵ لەگەڵ ئەو فۆرمە پەتییە ئاپریۆرییانەدا خەریکە[2].

بۆ نمونە لیمۆیەکی زەردی ترش، چۆن دەشێت دوو کارلێکی زەردی و ترشی کە زۆر جیاوازن بەیەکەوە کۆبکەینەوە؟ لەبەرئەوەی هیچ پەیوەندیەك لەنێوان ئەم دووانەدا نییە، بێگومان بۆ ئەم مەبەستە دەبێت هارمۆنی و سیستەمێك لەنێوان سێنسەکانماندا پێکبێنین. کانت پێیواییە ئەم سیستەمە سێنسیەی ئێمە لەناو بەرسێنسەکاندا (محسوسات)، لە بەرسێنسەکانەوە (ڕەنگی زەرد و تامی ترش) سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئێمە بە جۆرێك ڕەنگی زەرد و تامی ترش لەناو کات و شوێندا بەیەکەوە گرێدەدەین[3].

کانت لەگەڵ نیوتن هاوڕا نییە کە پێیوایە شوێن و کات بوونێکی واقیعی ڕەهایان هەیە، سەربەخۆ لە مرۆڤ و شتەکان، بە هەمان شێوە لەگەڵ لایبنیتسیش هاوڕانییە کە پێیوایە کات و شوێن تەنها پەیوەندیەکن لە نێوان شتەکاندا. کانت پێیوایە کات و شوێن سەرچاوەیەکی مرۆڤیان هەیە، لە توانستی سێنسێتییەوە

(١) لئوراوچ، پیشین، ص٦٣-٦٤.

(٢) همان، ص٦٢.

(٣) هرش، ژان، پیشین، ص٢٠٢.



هەڵدەقوڵێن لە لایەنی ئاپریۆرییانەوە، هەروەها خودین، سەرەڕای ئەوەی کە دەستکردی ئاوەز نین، بەڵکو بوونێکی ئۆبژێکتیان هەیە لە دەرەوەی خود[1].

کانت پێیوایە کات و شوێن دوو فۆرمی ئاپریۆرین بۆ لێڕوانینی ئەزموونی، بە هەمان شێوە دوو لێڕوانینی ئاپریۆریشن[2].

کانت دوو لایەن دەکاتە بەڵگە لەسەر سەلماندنی شوێن و کات وەك دوو فۆرمی ئاپریۆری، یەکەمیان میتافیزیکییە، دووەمیان ئەپستیمۆلۆژییە، بەڵگەی یەکەمیان ڕاستەوخۆ لە سروشتی شوێن و کاتەوە وەردەگیرێت، بەڵام بەڵگەی دووەمیان لە ڕێگەی ناڕاستەوخۆ لە ئیمکانییەتی ماتماتیکی پەتیەوە وەردەگیرێت[3].

کانت دەڵێت: "شوێن تێگەیەکی ئەمپیری نییە کە لە ئەزموونی دەرەکییەوە وەرگیرابێت، چونکە گەربێتو سێنساسیۆنێکی دیاریکراو ئاماژە بکات بۆ شتێك لە دەرەوەی من (یان بۆ شتێك کە لەنێو شوێنێك دابێت جگە لەو شوێنەی خۆمی تێدا دەبینمەوە)، و بۆئەوەی بزانم ئەم سێنساسیۆنانە لە یەکترەوە دوورن یان هەندێکیان بەپاڵ یەکترییەوەن، ئینجا بەدووی ئەمەدا ئەوانە تەنها لەسیفەتدا جیاوازنین، بەڵکو هەروەها لە شوێنیشدا جیاوازن، بۆیە پێویستە هزرینی من لە شوێندا گریمانەکراو بێت لە سەرەتادا، کەواتە ناتوانم بگەم بە شوێن لە پەیوەندی نێوان دیاردە دەرەکییەکانەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم ئەزموونە دەرەکییە خۆی شیاو نییە تەنها لە ڕێگەی ئەم ئیدێیەوە نەبێت"[4]. بەڵگەکە بە هەمان شێوەیە سەبارەت کاتیشەوە.

(١) زیدان، محمود فهمی، کنط و فلسفتة النظریة، ص٧٧.

(٢) دیورانت، ول، قصة الفلسفة، ترجمة: فتح اللة محمد الشعشع، الطبعة السادسة، مکتبة المعارف، بیروت، بدون تاریخ الطبع، ص٣٣٩.

(٣) شبلا، سمیر اسگیفو، الزمان و المکان عند کانگ، www.shabasamir.com

(٤) کنگ، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٦١ .

کەواتە کانت لەمەوە دەگات بەو ئەنجامە کە پەیوەندی شوێنی و کاتی لە ئەزموونی سێنسییەوە وەرناگیرێت، واتا لە پەیوەندی نێوان دیاردە دەرەکییەکانەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەزموونی دەرەکی خۆی ناشێت شیاو بێت، تەنها بە پێی کات و شوێن نەبێت، کەواتە کات و شوێن ئاپریۆرین[1].

کانت بەڵگەیەکی تر دێنێتەوە و دەڵێت: " شوێن پێشبینییەکی زەروری ئاپریۆرییە، وەك بنەمایەك دادەنرێت بۆ هەموو لێڕوانینە دەرەکییەکان (ئەزموونیەکان). ناتوانین شوێن لە هزرینمان دووربخەینەوە، سەرەڕای ئەوەی دەشێت لە شوێن بهزرێین کە شتی تێدا نەبێت. کەواتە پێویستە وایدانێین کە شوێن مەرجی شیانی دیاردەکانە و، شوێن پێشبینییەکی ئاپریۆرییە کە بە زەرورەت وەك بناغەیەك بۆ دیاردە دەرەکییەکان دادەنرێت"[2]. بەڵگەکە بە هەمان شێوەیە سەبارەت بە کاتیشەوە.

بەم واتایە ئیدێی پەیوەندی کاتی و شوێنی بنەمای لێڕوانینی ئەزموونیمانە لەسەر شتەکان، بەو پێیە گەر ئیدێی پەیوەندی کاتی و شوێنی لە هزرینمان لە شتە ماددیەکان دوورخەینەوە، ئەوا ناتوانین هەرگیز دەرکی ئەم شتانە بکەین[3].

کانت لە بەڵگەی یەکەم و دووەمدا دەریخست کە شوێن و کات ئاپریۆرین و ئەزموونی نین، ئینجا لە بەڵگەی سێیەم و چوارەم دەریدەخات کە لێڕوانین و پێشبینی نین.

کانت دەڵێت: "شوێن تێگەیەکی سیاقی یان گشتی نییە بۆ پەیوەندی نێوان شتەکان بە گشتی، بەڵکو لێڕوانینێکی پەتییە"[4].

(١) متی، کریم، المصدر السابق، ص٢٤٢.

(٢) کنگ، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٦١.

(٣) زیدان، محمود فهمی، کنط و فلسفتة النظریة، ص٨٠ .

(٤) کنگ، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٦١.



"کات پێشبینییەکی گشتی نییە، بەڵکو فۆرمێکی پەتیە بۆ لێڕوانینی سێنسی، کاتی جیاوازمان نییە جگە لە بەشەکانی یەك کات نەبێت، ئەو پێشبینییەی کە لە شتێکی تاکییەوە دەماندات، لێڕوانینە"[1].

کەواتە کانت دەیسەلمێنێت کە کات و شوێن لێڕوانینن، نکۆڵی دەکات کە هیچ یەکێکیان پێشبینی بن. کانت جیاوازی دەکات لەنێوان پێشبینی و لێڕوانیندا، لێڕوانینی ئەزموونی ئاماژە بە سیفاتێکی دیاریکراو یاخود شتێکی دیاریکراو دەدات لە دەرەوە، دەشێت لە لێڕوانینی ئەزموونی بدوێم لە رەنگی زەرد بۆ نمونە یان لە مێز، بەڵام پێشبینی ئەزموونی تایبەتی لەخۆ دەگرێت یان تایبەتمەندی گشتی کە دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر شتی بەشی بەشداری تێدا بکەن وەك زەرد و مێز[2].

جیاوازیکردن لە نێوان لێڕوانین و پێشبینیدا جیاوازییە لە نێوان ئەوەی کە ئاماژە بۆ تاکە شتێکی دیاریکراو دەکات و، ئەوە کە ئاماژە دەکات بۆ سیفەت یان سیفاتێکی گشتیی هاوبەش بۆ چەندان شت، ئێمە بە دووی ئەمەدا دەتوانین بڵێین کە ئاگاییمان بە سیفاتی سێنسی بۆ جەستەکان یان لەسەر جەستەکان بە تەواوی، ئاگاییمانە بە پێشبینییەکان نەك لێڕوانینەکان. جیاوازییەکی دی هەیە لە نێوان پێشبینی و لێڕوانین، ئەویش ئەوەیە کە ناتوانین پێشبینییەك بۆ بەشەکان دابەشبکەین، کە ئیتر بۆ هەر بەشێکی هەمان تایبەتمەندی پێشبینی بەتەواوی هەبێت[3].

کەواتە کانت لە کات و شوێن وەك یەك شت دەڕوانێت نەك وەك پەیوەندییەکی گشتی لە نێوان شتەکاندا، واتە لەو شێوەیەدا کە چۆن

(١) المصدر نفسه، ص٦٤-٦٥.

(٢) المصدر نفسه، ص٦٤-٦٥.

(٣) المصدر نفسه، ص٨٣ .

هەردووکیان بەشەکان لە خۆ دەگرن و بۆ هەر بەشێکیان بە تەواوی تایبەتمەندی کات و شوێن هەیە. کەواتە کات و شوێن پێشبینی نین، بەڵکو لێڕوانینن - لێڕوانینێکی ئاپریۆرین.

بەڵگەی چوارەم ئاماژە دەکات بەوەی کە شوێن و کات لێڕوانینن و پێشبینی نین، لەبەرئەوەی پێدراوی بێدوایەکین[1].

## تەوەری دووەم: کات و شوێن پەیوەست بە دەرککردنی سێنسییەوە

لە ڕوانگەی کانت کات و شوێن مەرجەکانی زەروورەت و گشتییەتی ئەزموونە سێنسییەکانن، دەشێت من سەرجەم ئەو شتانەی لە کات و شوێندا هەن، یان سەرجەم ئەو شتانەی ناو کات و شوێن کە کاتی ئەزموونکردن بەریەك دەکەون، لە هزری خۆم دامالّم، بەڵام لە توانامدا نییە خودی کات و شوێن لابەرم، من لە هەر شوێنێك بم، کاتێك کە دەهزریم بەردەوام کات و شوێن ئامادەن[2].

کات و شوێن فۆرمی ئاپریۆرین بۆ لێڕوانینی ئەزموونی، زانینمان بۆ جیهانی شتە بەشییەکان کاتێك دەست پێدەکات کە ئێمە بە لێڕوانینی ئەزموونی دەگەین. لێڕوانینی ئەزموونی کەرەستەی دەرککردنی سێنسییە، بۆ هەموو کەرەستەیەك دەبێت فۆرمێك هەبێت تاکو ئەو کەرەستەیەی تێدا ڕێکبخات. لە ڕوانگەی کانت کات و شوێن فۆرمی ئەم ڕێکخستنەن[3].

بەڵام کانت کاتێك لە لێڕوانینی ئەزموونی و شوێن و کات وەك کەرەستە و فۆرم دەدوێت، مەبەستی لەوە نییە کە ئێمە یەکەمجار کەرەستەمان هەیە و

(١) المصدر نفسه، ص٨٣.

(٢) هرش، ژان، پيشين، ص٢٠٢-٢٠٣.

(٣) كنگ، عمانوئيل، المصدر السابق، ص٩٢.



پاشان لە فۆرمدا دایدەنێین، یان یەکەمجار فۆرممان هەیە و پاشان لە کەرەستەدا دایدەنێین، لێڕوانینی ئەزموونی وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی دەرککردنی سێنسی لە سەرەتاوە شتێکی پێکهاتووە لە کەرەستە و فۆرم[1].

کات و شوێن وەك چاویلکەیەکی ڕەنگینن و شتەکان بە ڕەنگەکەی ڕەنگ دەبن. گەر چاویلکەیەکی سەوز لەسەر چاومان دابنێین، جیهان بە ڕەنگی سەوز دەبینین[2]. کەواتە لە گۆشەنیگای ئەزموونەوە، لە هەر شوێنێك مرۆڤ ئەزموون بکات (هەر ئەزموونێك بێت) بەردەوام بەرەو ڕووی کات و شوێن دەبێتەوە. کات و شوێن ئەو ڕاستییانەن کە ئەزموونەکان دەشێنن.

## تەوەری سێیەم: کات و شوێن وەك فۆرمی سێنسی دەرەکی و ناخەکی

کانت سەرەتا جیاوازی لە نێوان سێنسی دەرەکی و ناخەکیدا دەکات: سێنسی دەرەکی توانستمانە لەسەر ئاگاییمان بە شتە دەرەکییەکان، دەرککردنەکەمان دەرککردنێکی سێنسییە، بەڵام سێنسی ناخەکی توانستمانە لەسەر ئاگاییمان بە حاڵەتە ئاوەزیەکانمان. بە سێنسی دەرەکی شتەکان لە شوێندا دەرکدەکەین، بە سێنسی ناخەکی حاڵەتە خودییەکانمان لە کاتدا دەرکدەکەین[3].

شوێن سەرەتا بریتییە لە فۆرم بۆ سێنسە دەرەکییەکە، کات بریتییە لە فۆرمی پێکەوەلکاندنی حاڵەتە خۆییەکانمان، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ لێڕوانینێك نییە کە وەك تایبەتمەندی ئەقڵسۆزیمان سەربە دۆخە ناخییەکانمان نەبێت، ئەوا کات ڕاستەوخۆ هەروەها فۆرمی دۆخە دەرەکییەکانە، بەڵام شوێن فۆرمی دۆخە

(١) زيدان، محمود فهمي، كنط و فلسفتة النظرية، ص٩٢.

(٢) رويس، جوزايا، روح الفلسفة الحديثة، ص١٩٢.

(٣) كنط، عمانوئيل، المصدر السابق، ص٦٠-٦١.

ناخییەکانمان نییە[١]. واتا لەبەرئەوەی دەرککردنەکانمان لە جیهانی ناخەکی و دەرەکیدا بەندن بە ئێمەوە، کات مەرجی هەردوو دەرککردنەکەیە. هەمیشە ئەو"من"ەی کە هەست (احساس) دەکات، وەك بەشێك لە سەرجەم هەستکردنەکانی"من" بوونی هەیە، کات مەرجی ئەم"من"ە هەستکەرەیە[٢].

کەواتە کانت بەو ئەنجامە دەگات کە کات و شوێن راستییە ئەزموونییەکان و ئیدێ ترانسێندێنتاڵەکانن، چونکە بەردەوام لەناو ئەزموونندا هەن، بەڵام وەك ئیدێی ترانسێندێنتاڵ پێشمەرجی هەر ئەزموونێکن، ئەم دەرئەنجامەش پەیوەندی ئێمە بە جیهانەوە بەگشتی دەگۆڕێت. گەر سەرجەم ئەزموونەکان لە شوێن و کاتدا رووبدەن و شوێن و کاتیش پەیوەست نەبن بە شتەکانەوە، بەڵکو پێشمەرجی هەر ئەزموونکردنێکی ئێمە بن، ئەوا سەرجەم ئەو شتانەی کە ئێمە بە ئەزموون لێیاندەڕوانین تەنها ناسینی دیاردەی شتەکان بە ئێمە دەگەیەنن نەك زانینی شت لەخۆدا. شوێن و کات هیچ چوواندنێکیان بۆ دیاردنەدەر، واتا بۆ"شت لەخۆدا"نییە[٣].

(١) امام، امام عبدالفتاح، الميتافيزيكا، دار الثقافة، مصر، ١٩٨٦م، ص١٢٥،١٢٣.

(٢) لئوراوچ، پيشين، ص٦٣.

(٣) هرش، ژان، پيشين، ص٢٠٣-٢٠٤.



## باسی دووەم
## کاتیگۆرییەکان

### تەوەری یەکەم: فۆڕمی بڕیار

پێشتر باسی توانستی سێنسێتی و تێگەیشتنمان کرد، کە سێنسێتی چاپاندنەکان وەردەگرێت و تێگەیشتن لە فۆڕمی هزریدا سەنتێزێکیان لێ چێدەکات. توخمەکانی سێنسێتی و تێگەیشتن بۆ هزرین زەروورین، سێنسێتی پاسیڤە، لەبەر ئەوەی تەنها زانیارییەکان وەردەگرێت، بەڵام تێگەیشتن ئەکتیڤە، چونکە لە فۆڕمی هزریندا سەنتێزێك لە پێشبینییەکان دەهێنێتە گۆڕێ. هزرین بە تەنها، بەبێ تێگەکان کە یەکخراوی پێدەبەخشێت و لە فۆڕمی هزریندا بەئاگای دێنێتەوە، کوێرە. ئەم دوو توانستە ناشێت ڕۆڵی یەکتر بگێڕن.

کانت دەپرسێت بە یاریدەی کام پێکهاتەی ئاپریۆری، دەرککردنی مرۆڤ لە چاپاندنە سێنسییەکان سەنتێز چێدەکات؟ هەروەها ئەو تێگە پەتییانەی تێگەیشتن چین کە بە هۆیانەوە سەرجەم زانیاریە سێنسییەکانی ئێمە گەرەکە لە هزریندا ببنە تێزی یەکتر؟ کانت بۆ وەڵامی ئەوە پێیوایە کە فۆڕمە ئاپریۆرییەکانی دەرککردن دەبێت لە تەك کاتیگۆرییە جیاوازەکانی بڕیاردا یەکبگرنەوە[١]. لەبەر ئەوەی ئەم هزرینانە وەك بڕیار دەردەکەون، گەرەکە جۆرەکانی بڕیار بناسین. دوای ئەوە کە زانیمان چ جۆرە بڕیارێك شیاوە بیدەین، ئینجا دەتوانین فۆرمە جیاوازەکانی تێگەیشتن دیاری بکەین، تاکو بتوانین شێوازەکانی خۆمان پەیوەست بە دەرککردنی ڕیالێتیە ئەزموونیەکان دیاری بکەین، لەم ڕوانگەیەوە، گەرەکە کاتیگۆرییەکانی تیگەیشتنمان لە جۆرەکانی بڕیارەوە سەرەتا بگرن[٢].

(١) هرش، ژان، پيشين، ص٢٠٥.

(٢) لئوراوچ، پيشين، ص٦٥.

گەر بە گشتی لە بڕیارەکان بڕوانین، هەموو بڕیارێك لە ناوەڕۆك و فۆرم پێکهاتووە، ناوەڕۆك واتاکەیەتی یان ئەوەیە کە ئاماژەی پێدەکات، بەڵام فۆرم ڕێگەیەکە بە هۆیەوە سنورەکەی پەیوەستدەکرێت.

پێشتر بڕیارەکانمان لەرووی ناوەڕۆکەکەیانەوە جیاکردەوە، ئێستاش جۆری بڕیارەکان لە رووی فۆرمەوە جیادەکەینەوە، ئێمە دەتوانین فۆرمی جیاواز بناسین کە دەشێت بڕیار وەریانبگرێت[1].

ئەرستۆتاڵیس پێشتر بڕیارەکانی پۆلێن کردبوو، کانت هەمان ئەو پۆلێنکردنە باوە وەردەگرێت، ئەو هەرکام لە بڕیارەکان هاوتا دادەنێت بە فۆرمێکی هزرین، ئەم فۆرمانە هاوچووی فۆرمە سێنساسیۆنیەکانی کات و شوێنن و لە ئەزموونەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵکو ئاپریۆرین، بە زانینی پەتی دەژمێردرێن، کانت ئەم فۆرمە ئاپریۆرییانەی هزرین ناو دەنێت: کاتێگۆرییەکانی دەرککردن[2].

کانت فۆرمی بڕیارەکان پۆلێندەکات بۆ دوازدە فۆرم کە لە چوار گروپدا دایاندەنێت، هەر گروپێك سێ فۆرم لەخۆ دەگرێت[3]. یەکەمیان شیکاری بڕیارەکانە بەپێی چەندێتی، کە سێ فۆرم لەخۆ دەگرێت و بریتین لە گشتێتی، تایبەتییەتی و تاك" دووەمیان شیکاری بڕیارەکانە بە پێی چۆنێتی، کە فۆرمی ئەرێنی، نەرێنی و بێدواییەکی یان نەشیاوی دیاریکردن لە خۆدەگرێت" سێیەمیان روودەکاتە بڕیارەکان بەپێی ڕێژە کە فۆرمی کاتیگۆریانە (kategorisch)، هیپۆتێزی (hypothetisch) (مەرجداریی لکاو) و دیسیونکتیڤ (disjunktiv)(مەرجداریی جیاکراوە) لە خۆدەگرێت" چوارەمیان

(١) کنگ، عمانوئیل، المصدر السابق، ص٨٥.

(٢) هرش، ژان، پیشین، ص٢٠٥.

(٣) عبدالله، محمد فتحی، المصدر السابق، ص١٥٤.



روودەکاتە بڕیارەکان بەپێی مۆدالێتی (الجهە) کە فۆرمی گریمانەیی یان شیمانەیی (problematisch)، گوزارەیی و زەرووری یان جەختی، لەخۆ دەگرێت[1]. بەڵام ئەم دابەشکردنەی بڕیارەکان لای کانت دابەشکردنێکی تەواو ترادیسیۆنی نییە، بڕیاری کەسی و بڕیاری بێدواییەکی لە دابەشکردنی ترادیسیۆنی جیاوازن، لە لۆژێکی فۆرماڵدا بابەتی کەسی وەك گشتی دادەنرێت، بەڵام لە لایەنی بوون جیاوازی هەیە لە نێوان تاك و کۆمەڵی تاکەکاندا، کێشەکە بە هەمان شێوەیە سەبارەت بڕیاری بێدواییەکیشەوە[2].

## تەوەری دووەم: پەیوەندی کاتیگۆرییەکان بە فۆرمی بڕیارەکانەوە

کانت هاوتای جۆرەکانی بڕیار، کاتیگۆرییەکان دادەنێت، کانت کاتیگۆرییەکانی ئەرستۆتاڵیس وەردەگرێت، بەڵام هەندێك گۆڕانیان پێدەدات. کاتیگۆرییەکانی ئەرستۆتیلیس بریتیبوون لە دە کاتیگۆری: جەوهەر، چەندێتی، چۆنێتی، پەیوەندی، کردار، هەڵوێستنواندن، کات، شوێن، دۆخ و بار[3] ، بەڵام کاتیگۆرییەکان لای کانت دوانزدە کاتیگۆرین و هەر دوازدە جۆری بڕیارەکان کە لە سەرەوە دیاریمانکردن لە خۆدەگرن. کاتیگۆرییەکان مەرجی ئاپریۆری بڕیارەکانن، لە روانگەی کانت دوازدە فۆرمی ئاپریۆری کە لەنێویاندا تێگەیشتن دەتوانێت زانیاریەکانی بگۆڕێت بۆ فۆرمی زانین، هەن[4].

ئەم کاتیگۆرییانە وەك کات و شوێن فۆرمی پەتین بەبێ کەرەستە و بەبێ ناوەڕۆك، لە هیچ سەرچاوەیەکی دەرەکییەوە بۆمان نەهاتوون، هەر بۆیە پێش

(١) کنگ، عمانوئیل، المصدر السلبق، ص٨٥.

(٢) بوترو، امیل، المصدر السابق، ص٩١.

(٣) عبدالله، محمد فتحی، المصدر السابق، ص١٦٢.

(٤) بدوی، عبدالرحمن، المصدر السابق، ص٢٧٦.

هەموو ئەزموونێك دەكەون و ئاپریۆرین[١]. كەواتە گەرەكە كاتیگۆرییەكان لەتەك ئەو دوازدە جۆرەی بڕیارەكاندا بگونجێن كە لە سەرەوە دیاریمانكردن. كانت كاتیگۆرییەكان بەم جۆرە ڕێكدەخات: یەكەمیان چەندێتی، كە یەكایەتی، فرەیی و گشتێتی لە خۆدەگرێت، دووەمیان چۆنێتی، كە ڕیالێتی، هیچاندن و مەرجداری (سنوورداری) لەخۆ دەگرێت، سێیەمیان ڕێژەیی كە جەوهەر و مۆرك، هۆ و ئەنجام لەخۆدەگرێت و، چوارەمیان مۆدالێتی (الجهه)، كە شیاوێتی و نەشیاوێتی، لێرەبوون و نەبوون، زەروورەت و بەڕێكەوت لە خۆدەگرێت[٢].

گەر بەراورد لە نێوان كاتیگۆرییەكانی كانت و ئەرستۆتالیس بكەین بۆمان دەردەكەوێت، كە كاتیگۆرییەكانی ئەرستۆتالیس لۆژیكی ئۆنتۆلۆژیانەن، بەڵام كاتیگۆرییەكانی كانت لۆژیكی ئەپستیمۆلۆژین، واتە زەینین، لە لایەكی ترەوە پێڕستی كاتیگۆرییەكانی كانت سیستەماتیكییە، بەڵام پێڕستەكەی ئەرستۆتالیس ئەم تایبەتمەندیەی نییە، هەروەها كانت پێڕستی بڕیارەكانی وەك ڕستی ڕێنماییكەر بەكارهێناوە بۆ گەیشتن بە پێڕستی كاتیگۆرییەكان، بەڵام ئەرستۆتالیس بەكارینەهێناوە[٣]. هەروەها كانت پێیوایە كە ئەرستۆتالیس لەوەدا بەهەڵەداچووە كە شوێن و كاتی بە كاتیگۆری توانستی تێگەیشتن داناوە، بەڵام لە بنەڕەتدا وەك كانت دەڵێت لە توانستی تێگەیشتنەوە سەرچاوە ناگرن، بەڵكو لە توانستی سێنسێتییەوە سەرچاوە دەگرن[٤]. هەروەها كاتیگۆرییەكانی ئەرستۆتالیس ئۆبژێكتین، لە كاتێكدا كاتیگۆرییەكانی كانت سەبژێكتین، لەبەرئەوەی لە لایەنی تێگەیشتنەوە دەخرێنە سەر ئاوەز[٥].

(١) امام، امام عبدالفتاح، المصدر السابق، ص١٢٦.

(٢) كنگ، عمانوئيل، المصدر السابق، ص٨٩.

(٣) جوانبخت، ترانه، پیشین.

(٤) عبدالله، محمد فتحي، المصدر السابق، ص١٦٣.

(٥) ابراهيم، زكريا، المصدر السابق، ص٦٦.



كانت پێیوایە كە دەبێت بەشە جیاوازەكانی تێگەكانی توانستی تێگەیشتن لەتەك جۆرەكانی بڕیاردا بگونجێن. چوار گرووپی بڕیار هەن كە هەر یەكەیان بریتییە لە سێ كاتیگۆری، بەڵام لێرەدا ناچینە ناو وردەكاریەكانەوە[١]، لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ سێ گرووپەكەی یەكەم دەدەین، لەتەك بڕیاری گشتیدا كاتیگۆری پەیوەست بە یەكبوون دەگونجێت، پەیوەست بە بڕیاری بەشی كاتیگۆری فرەیی دەگونجێت، هەروەها لەتەك بڕیاری تایبەتیدا كاتیگۆری گشتێتی گونجاوە، بەڵام گەرەكە بەتایبەتی رووبكەینە گرووپی چوارەم، واتا گرووپی هۆئەنجامی، چونكە پەیوەندی بە رەخنەكەی كانتەوە لە هیوم هەیە.

پێشتر روونمانكردەوە كە كانت پێیوایە بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری دەشێت، چونكە هۆئەنجامی كە یەكێكە لە كاتیگۆرییەكانی توانستی زانین یان دەرككردنی ئێمە، ئاپریۆرییە و لە راهاتنەوە سەرچاوەی نەگرتووە، ئەمەشمان لە ئەزموونەدا بۆ دەردەكەوێت كە دیاردەی (ا) ڕێك پاش دیاردەی (ب) دێت و ئەم دوو دیاردەیە لەگەڵ كاتیگۆری هۆئەنجامیدا بەراورد دەكەین[٢]. كەواتە كاتیگۆری هۆئەنجامی لەگەڵ بڕیارە مەرجدارییەكاندا دەگونجێت. گرنگە بزانین كە مەبەستی كانت لە رەچاوكردنی هۆئەنجام لەم كاتیگۆرییەدا ئەوەیە كە هۆئەنجامی ئەو فۆرمەی زەینە كە پێویستە واقیع لەگەڵیدا سازبێت، تاكو هزرین لە بارەیەوە بشێت[٣].

كانت پێیوایە كاتیگۆرییەكان بەبێ لێڕوانین و ئاشكراكردن (مكاشفه) بێ ناوەڕۆك دەبن، تەنها فۆرم دەبن و بەس، هۆئەنجامی تەنها فۆرمێكە و دەبێت ناوەڕۆكی خۆی لە سێنساسیۆنەوە وەربگرێت، لە لایەكی ترەوە لێڕوانین و

(١) المصدر نفسه، ص٦٧.

(٢) جوانبخت، ترانه، پیشین.

(٣) لئوراچ، پیشین، ص٦٧.

ئاشکراکردنی بێ کاتیگۆریش ناڕوونن، چونکە پێکهاتە و ڕێکخستنیان نییە، هەربۆیە کانت پێیوایە کە کاتیگۆرییە نائینتوئیسیۆنییەکان بێ ناوەرۆکن و لێڕوانینیش بێ کاتیگۆری کوێرە[1].

کانت پێیوایە کاتیگۆرییەکان بریتین لە تێگە سەرەکییەکان و لەمانەوە تێگەکانی دی بەردەخرێن، ئەو جیاوازی لەنێوان دوو جۆر گروپی کاتیگۆرییەکاندا دەکات: یەکەم ئەو کاتیگۆرییانەی پەیوەستن بە چەندێتی و چۆنێتییەوە، بە کاتیگۆرییە ماتماتیکییەکان دایاندەنێت، دووەم ئەو کاتیگۆرییانەن کە پەیوەستن بە ڕێژە و مۆدالێتی بە کاتیگۆرییە دینامیکییەکان ناو دەبات. ماتماتیك پەیوەستە بەو شتانەوە کە بە لێڕوانینی سێنسی شیاوی دیارکردنی چەندێتی و پێوانن، بەڵام کاتیگۆرییە دینامیکییەکان پەیوەستن بە لێرەبوونی بابەتەکانەوە، پەیوەستن بە پەیوەندی شتەکانەوە لەتەك خۆیاندا و ئەم پەیوەندییەش بە توانستی دەرککردنەوە بەندە[2].

## تەوەری سێیەم: هەڵهێنجانی (دێدوکسیۆنی) ترانسێندێنتاڵی کاتیگۆرییەکان

کانت لە هەڵهێنجانی ترانسێندێنتاڵی کاتیگۆرییەکاندا ڕوونیدەکاتەوە کە کاتیگۆرییەکان مەرجی زەرووری سەرجەم هزرینن[3]. کانت دەربارەی کاتیگۆرییەکان پاساوی ئۆبژێکتیڤی وەردەگرێت و گومانگەرایی هیوم کە بەپێی ئەو گومانگەراییە زانینی ئۆبژێکتیڤی نەشیاوە، ڕەتدەکاتەوە، بەڵام پێیوایە ناشێت لە کاتیگۆرییەکان کارایی بان ئەزموونی چاوەڕوان بکەین، واتا سەرجەم

(١) هرش، ژان، پیشین، ص٢٠٦.

(٢) جونبخت، ترانە، پیشین " ابراهیم، زکریا، المصدر السابق، ص٦٧.

(٣) لئوراوچ، پیشین، ص٦٨.



کاتیگۆرییەکان لە چێوەی ئەزموونی سێنسییدان، هەڵهێنجان لە ڕوانگەی کانت پاساوهێنانەوە و سەلماندنە، کەواتە بەدوای ئەو بنەما پەتیانەوەیە کە ئەزموون دەشێنن، کاتیگۆرییەکان ئەو دۆخە پەتییانەن کە شیاوی ئەزموونن[1].

کانت ڕوونیدەکاتەوە کە زانینی ئۆبژێکت بەبێ یەکێك لە کاتیگۆرییەکان یان زیاتر نەشیاوە، ئەو کاتیگۆرییانە کە فۆڕمی تێگەیشتنن پێش هەرجۆرە زانیارییەکی سێنسی هەن، لە ڕێگەی ئەو کاتیگۆریانەوەیە کە زانیارییە سێنسییەکان دەئەبستراکتێندرێن[2]، کەواتە لەبەرئەوەی کاتیگۆرییەکان ئەزموونی نین، نەشیاوە بە شێوەی ئەزموونی ڕوونبکرێنەوە. کەواتە کاتیگۆرییەکان مەرجی هزرینن، بەبێ کاتیگۆرییەکان هزرین لەبارەی ئۆبژێکتەکان نەشیاوە، هەروەها بەبێ کاتیگۆرییەکان تەنها زنجیرەیەك چاپاندنی سێنسیمان دەبوو.

سەرجەم هزرینەکان سەنتێزین، بۆئەوەی هزرین ڕووبدات پێویستە هزرین لەبارەیەوە بشێت. من ناتوانم هزرینێك بهزرێنم، گەر هاوکات دەربارەی هزرینی خۆم نەهزرێم. کانت پێیواییە پێویستە "من دەهزرێم" هاوتای سەرجەم وێنە سێنسییەکانی من بێت، کاتێك "من دەهزرێم" کە ئەمە درەختە، پێویستە هاوکات بتوانم بهزرێم "من دەهزرێم ئەمە درەختە"، بەڵام زەرووری نییە لە پراکتیکدا، هەر کاتێك کە هزراندم، هاوکات دەربارەی هزرینی خۆم بهزرێم، تەنها دەبێت بشێت بتوانم وابکەم، کەواتە هزراندن بەبێ"ئاگامەندبوون لەخۆ" نەشیاوە. (بەو واتایە خەون هزرین نییە، لەبەرئەوەی ناشێت کاتێك کە خەون دەبینم لەخۆم بەئاگابم). کانت ئەم زەروورەتی خۆ ئاگامەندبوونە ناودەنێت "یەکبوونی ترانسێندێنتاڵی زەین لەخۆدا" (Apperception)، واتا گرتنی

(١) جوانبخت، ترانە، پیشین.

(٢) رویس، جوزایا، محاضرات في المثالیة الحدیثة، ص٣٩-٤٠.

تێگەیی دەرککردنەکە، واتا ئاگامەندبوونی من لەخۆ وەك (من)ێك بنەمای سەرجەم هزرینەکانی (من)ە[1].

کانت واژەی (Apperception)ی لە لایبنیتس وەرگرتووە، لایبنیتس جیاوازی لەنێوان دەرککردنی سێنسی (perception) و گرتنی تێگەیی دەرککردندا (apperception) دەکات، یەکەمیان حاڵەتی ناوەکی مۆنادە، دووەمیان زانینی خودییە بۆ ئەم حاڵەتە ناوەکییە، بەڵام واژەی ئاپێرسەپسیۆن هاوتای واژەی"شعور" یان"دەروونە" لای دێکارت. کانت بە پێچەوانەوە مەبەستی لە ئاپێرسەپسیۆن جەوهەری روحی نییە کە جیاوازە لە جەستە، کانت پێیوایە کە ئاپێرسەپسیۆن دەروونیی یان ڕوحیی نییە، بەڵکو مەرجێکی زەروورییە بۆ هەبوونی زانین یان دەرککردنی سێنسی و بنەمای یەکەمە بۆ شیانی زانین[2].

لای کانت تێگەیشتن کاتێك دەشێت کە خۆئاگامەندی لەسەر زەمینەیەکی ئاپریۆری بوونی هەبێت، پێویستە لە زەیندا توانستی گووتنی"من دەهزرێم" بەرلەوەی هزرینێك لە ئارادابێت بوونی هەبێت، لەبەرئەوەی تێگەیشتن ئەم یەکبوونەی دەرککردن دەخاتەوە، هزرین دەربارەی هزرینی من لەخۆدا پشتدەبەستێت بە کاتیگۆرییەکان[3]. کەواتە کاتیگۆرییەکان زەروورین بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دەربارەی هزرینەکانی خۆمان بهزرێین، کاتیگۆرییەکان لەسەر زەمینەی "من دەهزرێم" وەستاون، هەروەها "من دەهزرێم" پشت بە کاتیگۆرییەکان دەبەستێت.

---

(١) برهيية، اميل، تاريخ الفلسفة، ترجمة: جورج طرابشي، الجزء الخاميس، الطبعة الاولي، دار الطليعة، بيروت-لبنان، ١٩٨٣م، ص٢٦٧ " لئوراوض، ثيشين، ص٧٠.

(٢) زيدان، محمود فهمي، كنط و فلسفتة النظرية، ص١٤٥.

(٣) لئوراوچ، پيشين، ص٧٠.



لەوەی پێشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کاتیگۆرییەکان دەبێت جێبەجێبکرێن لەسەر دیاردەکان، بەڵام چۆن کاتیگۆریەکان کە سادەی گشتین لەسەر لێڕوانینی سێنسی کە بەشیە جێبەجێدەکرێن؟ ئایا پێویستمان بە ناوەندێك نییە کە هەستێت بە پەیوەستکردن لە نێوانیاندا، کە یەکیەتی نێوان واتا سێنسییەکان و دەرککردنە سێنسییەکان بێنێتەدی؟[1] کانت لێرەدا توانستێك دیاریدەکات کە بریتیە لە توانستی ئەندێشە (هێزی وێناکردن)، لەم ڕوانگەیەوە کانت توانستی ئەندێشە لەنێوان تێگەیشتن و سێنسیێتییدا دادەنێت، ئەندێشە هۆکاری پەیوەستکردنی کاتیگۆرییەکانە بە واقیعەوە، هەروەها ڕێگەکان بۆ بەکارهێنانی ئەم تێگە پەتییانەش دەخاتە ڕوو، ئەم ڕێگانە لە بەکارهێنانی تێگەکان لە واقیعدا، بە پلانەکان (نەخشەکان) ناودەبرێت کە فۆرمی کۆی دوو واژەی (scheme) و (schema)یە کە (schema)، واتە نەخشە، بە ڕێسایەك دەگوترێت کە دەتوانین بە هۆیەوە بینای فۆرمی زەینی چوونیەك بۆ پێشبینیەکی دیاریکراو بکەین، پلانی ڕێگەبڕینی "ئەندێشە" بۆ مسۆگەرکردنی (دۆزینەوەی) وێنەیەك کە واتا بە تێگەیەك دەبەخشێت و لەگەڵ واقیعدا پەیوەستیدەکات یان دەیگونجێنێت، بۆ نمونە لە ئەندازەدا دەبینین کاتێك ئێمە بۆ ڕوونکردنەوەی تێگەیەك وێنەیەك دەکێشینەوە، ئێستا پێویستە یاسایەك هەبێت بۆ مسۆگەرکردنی وێنەیەکی لەو شێوەیە و کاراییەکەی، پلانەکەش بریتیە لە ڕێگەیەك بۆ دروستکردنی تێگەیەك بە شێوازی هێڵکاری[2].

ئەو پرەنسیپەی کە کانت دەیخاتە ڕوو پرەنسیپی سەنتێزە، کە بەپێی ئەم پرەنسیپە پەیوەستکردنی داتا جۆر بە جۆرە سێنسییەکان، ئەرکی دەرککردنە، کە ئەم کردارە بە "سەنتێزی داتا سێنسییەکان" ناودەنرێت، دووەمین پرەنسیپ

---

(١) ابراهيم، زكريا، المصدر السابق، ص٧١.

(٢) دولوز، جيل، المصدر السابق، ص٣١-٣٢ " برهييه اميل، المصدر السابق، ص٢٦٥.

که کانت هێناویەتی "پرەنسیپی دیاردەکانە"، بەو واتایە کە کاتیگۆرییەکان تەنها بەو هۆیەوە شیاون کە ئێمە هەوڵی زانینی دیاردەکان دەدەین. سەنتێزی پەتی دیاردەکان ئەزموون مسۆگەر دەکەن. پرەنسیپی سێیەم لای کانت "پرەنسیپی کات"ە کە بەپێی ئەم پرەنسیپە دەشێت یەکە پەتییەکان، واتا داتا سێنسیەکان و کاتیگۆرییەکان بخەینە ژێر بنەماکانی سەنتێزەوە، بەپێی پرەنسیپی کات سەرجەم ناوەرۆکە زەینیەکان (ژهنیات) ئێمە لە بەردەوامبوونێکی نێو"کات"یدا بە یەکترەوە پەیوەستدەبین و دەکەوینە سەر هێڵی بەردەوامی کات. چوارەمین پرەنسیپ "پرەنسیپی دەرککردنە" کە گرنگترین پرەنسیپە لەنێوان سەرجەم بنەما کرداریەکاندا بۆ دەرککردن، دەرککردن بناغەی سەرجەم هزرینەکانە و فۆرمی"من دەهزرێم" لەخۆ دەگرێت[1].

کەواتە سەرجەم زانینە ئەزموونییەکان بۆ کاتیگۆرییەکانی دەرککردنمان دەگەڕێنەوە، لەبەرئەوەی ئەم کاتیگۆرییانە دۆخی سەرجەم ئەزموونە شیاوەکان دیاریدەکەن، کەواتە زانینی پەتی نەشیاوە، مەگەر ئەوە کە زانین بەتەواوی هاوتا بە ئەزموون بشێت.

(١) جوانبخت، ترانە، پیشین.



## باسی سێیەم
## فێنۆمێنا و نۆمێنا

کانت جیاوازی دەکات لەنێوان دیاردە (phenomena) و شت لەخۆدا (noumena)، ئەم جیاوازیکردنەش لایەنێکی بنەمایی فەلسەفەی ڕەخنەییە، کە لە بەشی"ئیستاتیکای ترانسێندێنتاڵی" و "ئەنالیتیکی ترانسێندێنتاڵی"دا بە ڕوونی باسی کردووە.

شتە دەرەکییەکان پێش هەموو شتێك جیادەکرێنەوە بەوەی کە شتن لە شوێندا، بەڵام شوێن فۆرمی لێڕوانینە یان فۆرمێکی خودییە کە وا لە ئەزموونی سێنسی دەکات شیاوبێت، کەواتە دەرەکیبوونی شتەکان دەگەڕێتەوە بۆ چالاکی خود کاتێك فۆرمی دەرەکی دەخاتە سەر ئەم شتانە، ئەمە پنتی سەرەتایە بۆ گەڕان بە دوای کێشەی جیهانی دەرەکیدا[1]. سەرجەم ئەزموونەکان لە شوێن و کاتدا ڕوودەدەن، کات و شوێنیش بە شتەکانەوە پەیوەستن، تەنانەت پێشمەرجی هەر ئەزموونێکن کە بەهۆی ئێمەوە دەکرێت، کەواتە سەرجەم ئەو شتانە کە ئێمە بە ئەزموون لێیاندەڕوانین تەنها دەمانگەیەننە ناسینی (زانینی) دیاردەی شتەکان نەك ناسینی شتەکان لەخۆیاندا[2].

کەواتە لەبەرئەوەی لە هزرینماندا پێشبینی و بنەمای ئاپریۆری هەن کە مەرجی زەروورین بۆ هەموو ئەزموونێك کە سەرچاوەکەیان ئەزموونی نییە، ئەوا ناتوانین بەکاریانبهێنین تەنها بەکارهێنانێکی ئەزموونی نەبێت[3]. بەم پێیە

(١) زكريا، فؤاد، نظرية المعرفة و الموقف الطبيعي للانسان، الطبعة الاولي، دار الوفاء، الاسكندرية، ٢٠٠٥م، ص٩٧-٩٨.

(٢) هرش، ژان، پيشين، ص٢٠٤.

(٣) ابراهيم، زكريا، المصدر السابق، ص٧٧.

هەموو ئەوەی دەیزانین بە زەرووره دیاردەیە نەك شت لەخۆدا، چونکە ناتوانین زانینمان لەسەر شت لەخۆدا هەبێت، تەنها دیاردەی شتەکان دەزانین[1].

کانت جیهانی دیاردە و جیهانی شت لەخۆدا بەرامبەر یەك دادەنێت، جیهانی دیاردە مەبەست لەو جیهانەیە کە لە شتەکان، رووداوەکان و رووداوە بەشیەکان پێکدێت کە هەموو پێکەوە جیهانی ماددی دەرەکی پێکدێنن و راستەوخۆ بابەتی دەرککردنی سێنسیمانن، یان جیهانی "ئەزموونی شیاو "پێکدێنن. کانت جیهانی دەرەکی ناودەنێت جیهانی دیاردە[2]، دیاردە ئەو شتانەن کە بۆ ئێمە دیاردەدەن، واژەی"دیاردە" هاوتای واژەی لاتینی (phenomen)ە واتا شتێك کە دیاردەدات، کەواتە ئێمە سەرجەم شتەکان بەشێوەی فێنۆمێنی دەناسین، واتا تەنها دیاردەکان دەزانین، بەلام لە هەلّەداین گەر واتای وێنای خەلّەتێنەر بەم واژەیە بدەین. بە بڕوای کانت روالّەت یان دیاردە شتێکی تەواو واقیعییە، بەلام بێگومان ئەو شتەش نییە کە سەربەخۆ لە سێنسەکانی ئێمە هەیە، بەلّکو شتێکە کە بۆمان دەردەکەوێت، جیهانیش، واتا جیهانی دیاردەکان، بەم شێوەیە بە رووماندا ئاشکرا دەبێت[3].

کەواتە جیهانی دیاردە ئەو جیهانەیە کە دەرکی دەکەین یان دەیزانین وەك ئەوەی بۆ ئێمە چۆنە یان دیاردەدات نەك ئەوەی بۆخۆی لە هەقیقەتدا چۆنە یان چیەتییەکەی چۆنە. کەواتە زانینی دروستمان لەناو سنووری دیاردەدا دەمێنێتەوە، واتا لە چوارچێوەی ئەزموونماندا، جیهانی دیاردە هەقیقەتێکی واقیعییە سەبارەت بە ئێمەوە، بەلام ناتوانین وێنای بکەین کە لە خۆیدا چۆنە، گەر وابکەین ئەوا دەروونی خۆمان هەلّدەخەلّەتێنین.

(١) مید، هنتر، الفلسفة أنواعها و مشکلاتها، ترجمة: فؤاد زکریا، مکتبة مصر، القاهرة، ١٩٩٧، ص٢١٦.

(٢) عبداللة، محمد فتحي، المصدر السابق، ص٢٠٥.

(٣) هرش، ژان، پیشین، ص٢٠٤.



بەلام واژەی"شت لە خۆدا" دوو واتای هەیە، واتایەك پەیوەستە بە جیهانی دیاردەوە، واتایەکیش پەیوەستە بەوەی لە سەرووی ئەم جیهانەوەیە، بەلام کاتێك کانت دەربارەی جیهانی شت لە خۆدا دەدوێت بەو واتایەی کە پەیوەستە بە جیهانی دیاردەوە، لێرەدا دەربارەی دوو جیهانی لێکجیاواز نادوێت، بەلّکو دەربارەی یەك جیهان دەدوێت کە دوو لایەنی یان دوو رووی هەیە: لایەنێکی دەتوانین دەرکی بکەین یان بیزانین، ئەوەی کە دەرکی دەکەین یان دەیزانین ئەو جیهانەیە کە بۆ ئێمە چۆنە یان جیهانی دیاردەیە نەك ئەوەی لە هەقیقەتدا چۆنە[1].

کانت بۆ دوورکەوتنەوە لە سۆلیپسیزمی (solipsism) (واتە داخراو بە رووی خۆییدا)ی بارکلی، دەیەوێت شیاوێتی ئەبستراکتیانەی بوونی جیهانی نۆمێنا باوەڕبکات. لە سۆلیپسیزمی بارکلیدا جیهان لە واقیعی دەرەوەی ئێمەدا بوونی نییە، ئەم جۆرە سۆلیپسیزمە بە شێوەیەکی بێچارەسەرییانە رۆدەچێتە تاریکییە سۆزدارییەکانی "من"ەوە، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە لەنێویدا توانستی زانینی جیهانمان نابێت[2].

کانت پێیوایە گەر بلّێین جیهان تەنها لەو چرکەساتەدا بوونی هەیە کە لەگەلّ زەینی مرۆڤدا بگونجێت، ئەوا دەکەوینە ناو داوی سۆلیپسیزمەوە، کەواتە "جیهان لەخۆدا" پێویستە لە دەرەوەی ئێمەدا بوونی هەبێت، گەرچی ناتوانین دەستنیشانی بکەین، بەهۆی ئەوەی کە ناشێت کاتیگۆرییەکان لەودیوی ئەزموونداا بەکاربهێنین[3].

(١) زیدان، محمود فهمی، کنط و فلسفتة النظرية، ص٤٢.

(٢) لئوراوچ، پیشین، ص٨١.

(٣) همان، ص٨١.

جیهانی شت لەخۆدا ئەوەیە کە پەیوەستە بەوەی لە سەرووی جیهانی دیاردەیە. ئەم جیهانەیە کە پێکهاتووە لەو هەبووانە یان ئەو واتایانەی کە لەناو پرسیارە میتافیزیکییەکاندا هەن: ئایا خوا هەیە؟ ئەدگارەکانی چۆنن؟ سروشتی چۆنە؟ ئایا مرۆڤ ئازادە؟ سروشتی دەروونی مرۆڤ چییە؟ ئایا دوای مردن جەستە نەمرە؟ ئایا جیهان سەرەتای هەیە لە کاتدا؟...هتد[١].

کەواتە جیهانی شت لەخۆدا کاتی نییە و شوێنیش نییە، بۆیە ئاوەزی پەتیی لە زانینی جیهانی شت لەخۆدا بێتوانایە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئاوەزی پەتیی ناتوانێت جیهانی شت لەخۆدا بزانێت و لێیبکۆڵێتەوە، لەگەڵا ئەوەشدا توانای هەیە دەربارەی بهزرێت، لەبەرئەوەی لای کانت هزرین و زانین جیاوازن. بۆ ئەوەی شتێك بزانین پێویستە توانای سەلماندنی بوونیمان هەبێت، بەڵام ئاوەزی پەتی ناتوانێت ئەم زانینە بەدەستبێنێت، تەنها دەتوانێت دەربارەی بهزرێت، لەبەرئەوەی ئەم هزرە نەسازی لەخۆ ناگرێت[٢].

کەواتە جیهانی شت لەخۆدا نابێتە بابەتی دەرککردنی سێنسیمان، واتا نابێتە بابەتی زانینی ئەزموونیمان، لەبەرئەوی هەقیقەت لە ئاگایی ئێمە و سەربەخۆیە و نەشیاوی ناسین دەمێنێتەوە، بەڵام گەر شت لەخۆدا نەبوایە ئەوا هیچ شتێك نەدەبوو[٣].

---

(١) زیدان، محمود فهمي، کنط و فلسفتة النظریة، ص٤٢.

(٢) المصدر نفسه، ص٤٣.

(٣) هرش، ژان، پیشین، ص٢٠٩-٢١٠.



## دەرئەنجام

**لەم توێژینەوەیەدا دەگەین بەم دەرئەنجامە کە:**

زانین لای کانت بەتەنها لەسەر ئەزموونی پەتی یان بەتەنها لەسەر ئاوەزی پەتی بنیاتتنانرێت، بەڵکو ئەزموون و ئاوەز بەیەکەوە بەشداری تێدا دەکەن. زانین تەنها بریتی نییە لە پرەنسیپێکی سێنسی کە زەین تیایدا پاسیڤە، بەڵکو بریتییە لە پرەنسیپی ئاوەزیش، واتا زەین خاوەنی دوانزدە کاتیگۆری پەتییە کە چالاکانە پرەنسیپە سێنسییەکان یەکدەخەن یان دەیانکەن بە سەنتێز.

کانت ئاشکرای کرد کە ئەوە شتەکان و ئۆبژێکتەکانن لە دەوری ئاوەز دەخولێنەوە بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ یاساکانیدا بگونجێنن و بچنە ژێر شێوازەکەیەوە نەك بە پێچەوانەوە.

دوو توانست یان دوو سەرچاوەی زانینمان هەن کە بریتین لە سێنسێتی و تێگەیشتن. بە یەکەمیان ئۆبژێکتەکان وەردەگرین، بە دووەمیان دەربارەیان دەهزرێین.

دوو جۆر زانینمان هەن کە جیاوازن لە یەك، بریتین لە زانینی ئاپریۆری و زانینی ئاپۆستەریۆری. زانینی ئاپریۆری زەروری و گشتییە و سەربەخۆیە لە ئەزموون، بەڵام زانینی ئاپۆستەریۆری ئەزموونییە و هەرگیز زەروری و گشتێتیمان ناداتێ.

کانت جیاوازی لە نێوان بڕیاری شرۆڤەیی و بڕیاری سەنتێزیدا دەکات. بڕیاری شرۆڤەیی تەنها شرۆڤەکردنە و هیچ زانیارییەکی نوێمان ناداتێ، بەڵام دووەمیان زانیاری نوێمان دەداتێ.

زانین تەنها لە بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆرییدا شیاوە، لەبەرئەوەی بڕیاری سەنتێزی ئاپریۆری لایەنی ئەمپیری و ئاوەزی لەخۆ دەگرێت، واتە لەبەرئەوەی زەرووریيە، ئەوا ئاپریۆرییە، لە هەمانکاتیشدا ئەزموونییە چونکە سەنتێزییە.

کات و شوێن دوو فۆرمی ئاپریۆرین بۆ لێڕوانینی ئەزموونی، هەروەها دوو لێڕوانینی ئاپریۆریشن. کات و شوێن مەرجەکانی زەرووڕەت و گشتێتیی ئەزموونە سێنسییەکانن، ئەو راستیانەن کە ئەزموونەکان دەشێنن.

کاتیگۆرییەکان مەرجی ئاپریۆری بڕیارەکانن، واتە مەرجی زەرووری سەرجەم هزرینەکانن، بەبێ کاتیگۆرییەکان هزرین لەبارەی ئۆبژێکتەکان نەشیاوە. کاتیگۆرییەکان فۆرمی تێگەیشتنن کە لە ڕێگەی ئەوانەوە زانیارییە سێنسییەکان دەئەبستراکتێندرێن.

توانستی ئەندێشە لە نێوان سێنستی و تێگەیشتندایە، هۆکاری پەیوەستکردنی کاتیگۆرییەکانە بە واقیعەوە، واتە ناوەندێکە یەکێتی نێوان واتا سێنسییەکان و دەرککردنە سێنسییەکان دێنێتە دی.

لای کانت هەموو ئەوەی دەیزانین دیاردەیە نەك شت لەخۆدا، هەرگیز ناتوانین زانینمان لەسەر شت لەخۆدا هەبێت، تەنها دیاردەی شتەکان دەزانین. شت لەخۆدا نابێتە بابەتی دەرککردنی سێنسیمان، لەبەرئەوەی هەقیقەت بەدەرە لە ئاگاییمان و سەربەخۆیە و نەشیاوی ناسین دەمێنێتەوە.



## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێبەکان**

أ- بە زمانی عەرەبی


١. ابراهيم، ابراهيم مصطفي، مفهوم العقل في الفكر الفلسفي، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٣م.

٢. ابراهيم، زكريا، كانت أو الفلسفة النقدية، الطبعة الثاني، مكتبة مصر، القاهرة، ١٩٧٢م.

٣. امام، امام عبدالفتاح، الميتافيزقا، دار الثقافة للنشر و التوزيع، مصر، ١٩٨٦م.

٤. امين، احمد، و محمود، زكى نجيب، قصة الفلسفة الحديثة، الجزء الآول، طبعة لجنة التأليف و ترجمة و النشر، القاهرة، ١٩٤٩م.

٥. ايرل، وليم جيمس، مدخل الي الفلسفة، ترجمة: عدل مصطفى، الطبعة الآولي، المجلس الآعلي للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٥م.

٦. بدوى، عبدالرحمن، موسوعة الفلسفة، جزء ا لثاني، الطبعة الآولى، المطبعة سليمانزادة،١٤٢٧ه.

٧. برهيية، اميل، تاريخ الفلسفة، ترجمة: جورج طرابشي، الجزء الخامس، الطبعة الآولي، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت-لبنان، ١٩٨٣م.

٨. بوترو، اميل، فلسفة كانط، ترجمة: عثمان امين، الطبعة الآولى، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧١م.

٩. جيمس، وليم، بعض مشكلآت الفلسفة، ترجمة: محمد فتحي الشنيطي، طبعة الثانية، مطبعة المصر، القاهرة، ١٩٦٩م.

١٠. جينز، جيمس، الفيزياء و الفلسفة، ترجمة: جعفر رجب، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨١م.

١١. الحيدرى، السيد كمال، المذهب الذاتى فى نظرية المعريفة، الطبعة الآولى، دار الهادى للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠٠٤م.

١٢. دولوز، جيل، فلسفة كانط النقدية، ترجمة: تعريب أسامة الحاج، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت-لبنان، ٢٠٠٨م.

١٣. ديورانت، ول، قصة الفلسفة، ترجمة: فتح اللة محمد الشعشع، الطبعة السادسة، مكتبة المعارف، بيروت، بدون تاريخ الطبع.

١٤. رويس، جوزايا، روح الفلسفة الحديثة، ترجمة: احمد الآنصارى، الطبعة الآولي، المجليس الآعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣م.

١٥. رويس، جوزايا، محاضرات في المثالية الحديثة، ترجمة: احمد الآنصارى، المجلس الآعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣م.

١٦. زكريا، فؤاد، نظرية المعرفة والموقف الطبيعي للآنسان، الطبعة الآولي، دار الوفاء، الآسكندرية، ٢٠٠٥م.

١٧. زيدان، محمود، نظرية المعريفة (عند مفكري الآسلآم و فلآسفة الغرب المعاصرين)، الطبعة الآولي، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٩م.

١٨. زيدان، محمود فهمى، كنط و فلسفتة النظرية، دار الوفاء، الآسكندرية، ٢٠٠٤م.

١٩. السكرى، عادل، نظرية المعريفة (من سماء الفلسفة الي أرض المدرسة)، طبعة الآولى، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ١٩٩٩م.

٢٠. الصدر، محمد باقر، فلسفتنا، الطبعة الثانية عشر، دار التعارف للمطبوعات، بيروت- لبنان، ١٩٨٢م.



٢١. عبداللة، محمد فتحى، الجدل بين ارسطو و كنط، الطبعة الآولي، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٥م.

٢٢. على، حنان، دراسات الفلسفية، الطبعة الآولي، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق- بغداد، ٢٠٠٧م.

٢٣. الفلآحي، عبداللة محمد على، نقد العقل بين الغزالي و كانط، الطبعة الآولي، المؤسسة الجامعية، بيروت-لبنان، ٢٠٠٣م.

٢٤. الفندى، محمد ثابت، مع فيلسوف، دار النهضة العربية، بيروت، بدون تاريخ الطبع.

٢٥. كاميل، فؤاد واخرون، الموسوعة الفلسفية المختصرة، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٨٣م.

٢٦. كنط، عمانوئيل، نقد العقل المحض، ترجمة: موسى وهبة، الطبعة الثانية، مركز الآنماء القومي، بيروت- لبنان، ١٩٨٨م.

٢٧. متى، كريم، الفلسفة الحديثة (عرض نقدى)، الطبعة الثانية، دارالكتاب الجديد المتحدة، بيروت- لبنان، ٢٠٠١م.

٢٨. محمد، علي المعطى، مقدمات في الفلسفة، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٥م.

٢٩. ميد، هنتر، الفلسفة أنواعها و مشكلآتها، ترجمة: فؤاد زكريا، مكتبة مصر، القاهرة، ١٩٩٧م.

٣٠. هوتون، هكتور، متعة الفلسفة، ترجمة: يعقوب يوسف ابونا، بيت الحكمة، دون مكان الطبع، ٢٠٠٢م.

٣١. وانت، كرستوفر، وكليموفسكى، اندزجى، اقدم لك.. كانط، ترجمة: امام عبدالفتاح امام، الطبعة الآولي، المشروع القومى للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٢م.

**ب- به زمانی فارسی**

٣٢. کابلستون، فردریك، تاریخ فلسفه( از ولف تا کانت)، مترجمان: اسماعیل سعادت و منوچهر بزرگمهر، جلد ششم، چاپ سوم، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٨٠.

٣٣. لئوراوچ، فلسفه کانت، ترجمه: عبدالعلی دست غیب، چاپ اول، نشر پرسش، ئابادان، ١٣٨٦.

٣٤. لاوین، ت. ز، از سقراط تا سارتر، ترجمه: پرویز بابایی، چاپ سوم، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٦.

٣٥. هرش، ژان، شگفتی فلسفی، ترجمه: عباس باقری، چاپ دوم، نشرنی، تهران، ١٣٨٦.

**ج: به زمانی کوردی**

٣٦. جەلال، کاوە، ڕێنێ دیکارت، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان-سلێمانی، ٢٠٠٨ز.

**دووەم: سەرچاوە (نێت)**

أ- به فارسی

٣٧. جوانبخت، ترانه، کانت در نقد عقل محچ،www.javanbakht.net

ب- به عەرەبی

٣٨. شبلا، سمیر اسگیفو، الزمان و المکان عند کانگ، www.shabasamir.com